ڕیکلام

# گۆڕان بەڕێوەیە

٥٧

لیستی گۆڕان
لە سبەینێ (سێشەممە ٢٠٠٩/٦/٢٣)وە
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی تایبەت
بە هەڵبژاردن دەردەکات

گۆڕان التغيير CHANGE

**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەڕێزەوە بۆ ئەندازیارو ڕووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەڕێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) ڕووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.
بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ
دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە :
٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠
٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠

کۆمپانیای بەڕێز

ڕۆژنامە ٧
www.rozhnama.com
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 495 دووشەممە 22/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.495 Mon 22/ 6/ 2009

## بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکی ڕێکخراوی پۆینت:

# لیستی (گۆڕان) ڕکابەرێکی بەهێزو ڕاستەقینەی لیستی کوردستانییە



ڕۆژنامە

بەگوێرەی ڕاپرسییەک، کە ڕێکخراوی پۆینت ئەنجامیداوە، ئاستی بەشداری خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو دەگاتە (٦٨,٨٪)، ئەمە سەرباری ئەوەی (٠٥,٩٪) هێشتا بڕیاریان نەداوە سەبارەت بە بەشداریکردن یان ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن. هەروەها (٥٠,٩٪)ی بەشداران پێیانوایە: لیستی گۆڕان ڕکابەرێکی ڕاستەقینەی لیستی پارتیو یەکێتی دەبێت.

(٤٩,٣٪)ی بەشداران پێیانوایە: «هەردوو پارتی سەرەکی پێویستیان بە پەنابردن هەیە بۆ کاری ساختەو هەڕەشەکردن، بۆئەوەی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبهێنن». لە بەرامبەریشدا (٤٠,١٪) پێیانوانییە؛ دوو حیزبەکە پێویستیان بە ساختەکارییو هەڕەشە هەبێتو (١٠,٦٪) بە (نازانم) وەڵامیانداوەتەوە.

لەبارەی ئەوەی، ئایا هەردوو پارتی سەرەکی لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا هاوکاردەبن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان؛ زیاتر لە نیوەی بەشداران پێیانوایە، هاوکار نابن، کە ڕێژەکە (٥٥,٢٪)ە لە بەرامبەریشدا (٣٠,٤٪) پێیانوایە: ئەو دوو حیزبە هاوکاری دەبن لەگەڵ کۆمسیۆنو (١٤,٤٪) بە (نازانم) وەڵامیانداوەتەوە.

(٤٩,٢٪)ی بەشدارانی ڕاپرسییەکە دەنگیان بەوەداوە کە «هەردوو پارتی سەرەکی پەنا دەبەنە بەر ساختەو هەڕەشەکردن لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا». لە بەرامبەریشدا (١٩,٦٪) پێیانوانییە؛ ئەو دوو حیزبە پەنا ببەنە بەر ساختەکارییو ( ٣١,٢٪) بە (نازانم) وەڵامیانداوەتەوە.

(٥٣,١٪)ی ئەو کەسانەی بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردووە، پێیانوانییە؛ لیستی (چوار حیزبەکە) ڕکابەرێکی بەهێزو ڕاستەقینەبێت بەرامبەر هاوپەیمانیی هەردوو پارتی سەرەکی. (٤٥,١٪)یش چوار حیزبەکە وەک ڕکابەری سەرەکی دەبینن.

ئەوانەی بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردووە بە ڕێژەی (٦٤,٦٪) پێیانوایە: «بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان باشتربوو بە تەنیا خۆی کاندید بکات»، (٣١,٥٪ )ی بەشدارانیش پێیان باش نەبووە پارتی خۆی لە یەکێتی جیابکاتەوەو بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردن بکات.

(١٠٠٠) هەزار کەس لە هەموو تەمەنێکو چینو ئایینو مەزهەبو نەتەوەیەک (کورد، تورکمان، کلدۆئاشووری، عەرەبو ئەوانی دیکە)و لە هەردوو ڕەگەز لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆکو موسڵ) بەشدارییان لەم ڕاپرسییەدا کردووە.

# تا یاسای ڕاپرسی دەرنەچێت دەنگ لە سەر دەستوور نادرێت

**سامان بەشارەتی**

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووە بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستوور، تا یاسای ڕاپرسیش دەرنەچێت نابێت دەنگ لەسەر دەستوور بدرێت.

ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لە مانگی ئابی ٢٠٠٦-دا ئامادە کرا، لە دوای ئەو وادەیەوە پەرلەمان نەیتوانی لە کاتی یاسایی خۆی پرۆژەیاساکە پەسەند بکات، ئێستا بەپێی زانیارییەکان و قسەکانی ناو پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو پێدەچێت لە دانیشتنەکانی داهاتووی ئەم خولەیدا، دەنگ لەسەر دەستوور بدرێت و دواتریش لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم پەرلەمانی کوردستان ڕاپرسی لەسەر بکرێت.

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا ئەوکاتەی یاسایەک نەبێت بۆ ڕاپرسی ناتوانرێت دەنگ لەسەر دەستوور بدرێت»، وتیشی: هیچ بودجەیەکی تایبەت بە ئێمە نەدراوە بۆ ڕاپرسی دەستوور تا کۆمسیۆن خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو کارە، بۆیە «تا ئەو پێویستیانەمان بۆ دابین نەکرێت کۆمسیۆن ناتوانێت پرۆژەیاسای دەستوور بخاتە ڕاپرسییەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان».

ئاماژەشی بەوە کرد، تائێستا لەلایەن پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمەوە هیچ نووسراوێکیان بە دەست نەگەیشتووە کە پرۆژەیاسای دەستوور لە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕاپرسی لەسەر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە کۆمسیۆن هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووە.

# ئیسلامییەکانیش دەستوور ڕەتدەکەنەوە

**فەلاح نەجم**

هەریەک لە یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لەئێستادا ئەو ڕەشنووسی دەستوورەی ئێستا هەیە، ڕەتدەکەنەوەو پێیانباشە لەم خولەی پەرلەماندا پەسەند نەکرێت.

محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێت: «وەک مەکتەبی سیاسی نارازین بە پەسەندکردنی دەستوور لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ، ئەگەر ڕەشنووسەکە بەوشێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە، هیچ ئەندام و هەوادارێکی ئێمە دەنگ بەو دەستوورە نادات».

بەپێی زانیارییەکان بڕیارە سبەینێ پرۆژەیاسایەک کە پەیوەندیدارە بە دەستوورەوە، لە پەرلەمان (ماوەبەسەرچوو) گفتوگۆی لەسەر بکرێت و دواتر «لەم خولەدا پەسەند بکرێت».

هادی عەلی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە چەند تێبینییەکمان لەسەر دەستووری هەرێم هەبووە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت، لەگەڵ پەسەندکردنی ئەو دەستوورەدا نابین بەو خێراییە، چونکە پێمانوانییە هەموو لایەنەکان پێی ڕازیبن.

هەروەها هادی عەلی پێیوایە «ئەگەر چەند مانگێکی دیکەش هەرێمی کوردستان دەستووری نەبێت، هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، چونکە لەوکاتەی لە هەرێمی کوردستان، حکومەت و پەرلەمان دروستبووە، کوردستان دەستووری نییە، دەکرێت چەند مانگێکی دیکە دوابخرێت بۆئەوەی پشێویی لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا دروست نەبێت».

عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا هێرش دەکاتە سەر ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێت پەسەندکردنی دەستوور دوابخەن، دەڵێت: «پێموایە دەنگۆی پەسەندنەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم عاتیفیانەیەو لەسەر داوای لایەنێک وروژێنراوەو دەستی لەپشتەوەیە».

بەوتەی ئەندامێکی پەرلەمان کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە «بەشێکی ئەندامانی پەلەمان ڕەشنووسی دەستوورەکەیان نەدیوەو نەخوێندووەتەوە».

# لەدوا هەناسەیدا پەرلەمان دەستوور دەردەچووێنێت

**بەرهەم خالید**

لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە هاوڵاتیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داوا دەکەن پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو دەستووری هەرێم پەسەند نەکات، بەڵام ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەیاسای دەستووری هەرێم دەکات، پسپۆڕێکی سیاسیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو هەنگاوە دەیسەلمێنێت کە پەرلەمانی کوردستان گوزارشت لە ڕای شەقامی کوردی ناکات و دەڵێت: «ئەگەر پەرلەمان سوور بێت لەسەر دەنگدان بە دەستوور، ئەوا ناچار دەبین لە دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق داواکاری بەرز بکەینەوە کە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی نەماوەو ناتوانێت دەستوور پەسەند بکات».

پاش ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین دەنگی نارەزایی دژ بە پەسەند کردنی دەستووری هەرێم سەری هەڵداو کۆمەڵێک ڕێکخراوو کەسایەتی کەمپەینێکیان بۆ ئەو مەبەستە دامەزراند، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان سوورە لەسەر ئەوەی پێش هەڵبژاردنی نوێ ئەو دەستوورە پەسەند بکرێت هەروەک بڕیارە ئەمڕۆ گفتوگۆی پڕۆژەیاسای دەنگدان لەسەر دەستوور بکات و دواتر دەستوور پەسەند بکات.

یوسف محەمەد سادق، پسپۆڕی زانستیی سیاسیی و ئەندامی کەمپەینی داکۆکیکردن لە پەسەند کردنی دەستووری تەندروست بۆ ڕۆژنامەی ڕونکردەوە کە دەبوو پەرلەمان لەگەڵ بۆچوونی خەڵک بوایەو ئەوەی بزانیایە، کە زۆرێک لە خەڵکی کوردستان داوای ئەوە دەکەن کە ئەو دەستوورە لەم کاتەدا پەسەند نەکرێت، بەڵام پەرلەمان سوورە لەسەر ئەوەی پەسەندی بکەن لە کاتێکدا (٢٥) پەرلەمانتاری کوردستان داوای وەستاندنی دەنگدانیان لەسەر دەستوور کردووەو وتیشی: «پەرلەمان ئاگای لەوە نییە، کە شەرعیەتی نەماوەو ماوەی کارکردنی بەسەرچووە ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات، کە هەست بە بەرپرسیارێتی خۆیان ناکەن».

ئەو ئەندامەی کەمپەینی داکۆکیکۆدن لە دەستووری تەندروست ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەو پەلەکردنەی پەرلەمان پەیوەندی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە هەیە بە تایبەت کە دەستووری ئێستا دەسەڵاتێکی زۆری داوەتە سەرۆکی هەرێم وەک هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دیاری کردنی سەرۆک وەزیران و چەند دەسەڵاتێکی دیکە، هەروەها ئامانج لێی سنووردارکردنی پەرلەمانی داهاتووە، کە چاوەڕوان دەکرێت دەنگو لیستی جیاوازی تێدا بێت بۆیە ئەوان وەک کەمپەینی پەسەندکردنی دەستووری تەندروست هەموو ڕێگایەک دەگرنە بەر بۆ ئەوەی چیتر پەرلەمانی کوردستان لە شەرعیەت لانەدات، ڕاشیگەیاند»ئەگەر پەرلەمان سوور بێت لەسەر دەنگدان بە دەستوور، ئەوا ناچار دەبین لە دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق داواکاری بەرز بکەینەوە، کە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی نەماوەو ناتوانێت دەستوور پەسەند بکات هەرچەندە حەزیش ناکەین ئەوە بکەین بۆ ئەوەی نەبێتە خاڵێکی لاواز بۆ هەرێم، بەڵام لە هەمانکاتدا بەرژەوەندیی و چارەنووسی خەڵکی کوردستان ئەوە دەخوازێت ئەو هەنگاوە بنێین، چونکە ئەو دەستوورەی ئێستا دەستووری دەوڵەتێکی دیموکراسی نییە».

# پەرلەمان و دەستوور



**عەدنان عوسمان**

ڕەنگبێ ئێستا کاتی ئەوە نەبێت یا لەوانەیە ئیتر پێویست بەوە نەکات باس لە کارایی ئەم خولەی پەرلەمان (کەماوەی یاسایی بەسەرچووە) بکرێت، چونکە بە جیا لە ویست و حەزی هەندێک پەرلەمانتار کە دەیانویست ڕاستگۆیانە نوێنەری خەڵک بن و بڕیارەکانی پەرلەمان لە خزمەت خەڵکیدا بێت، ئەم پەرلەمانە تەنیا وشەی (پەرلەمان)ی لە خۆ گرتبوو نەیتوانی تەنانەت لە بەشێک لە ئەرکەکانی خۆی نزیک بێتەوە.

ئەمەی پێی دەوترێت پەرلەمان و لە مانا ڕاستەقینەکەی پەرلەمان تەنیا ناوەکەی وەرگرتووە، لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بە پەلەپڕوزێ سەرقاڵی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن بوو، کە دەبوایە لانی کەم ساڵێک پێش ئێستا ئەم کارەی بکردایە، ئێستاش کە سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکەین ناتوانین ئەمە بە ڕێکەوت و بەهۆی سەرقاڵی و زۆری پڕۆژەیاساکانەوە سەیر بکەین.

ئەم پەرلەمانە بە بێ هیچ هۆکارێکی مەعقول و مەنتقی، بێ هیچ بیانوویەک دێت ماوەیەکی نادیار دەخاتە سەر تەمەنی خۆی ئەمەش بە پێچەوانەی هەموو ئەو قسانەی سەرۆکەکەی، کە پێشتر باسی لەوە دەکرد کە دەبێت لە (٥/١٩) هەڵبژاردن بکرێت و نابێت پەرلەمان لەوە زیاتر درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، کەچی بە سیناریۆیەکی وردوو بێ هیچ بنەمایەکی یاسایی و هۆکارێکی پێویست ماوەی کاری خۆیان درێژ کردەوە.

لە حاڵەتێکی واشدا مرۆڤ پێیوایە، ئەم پەرلەمانە بە هۆی ئەوەی ماوەی یاسایی خۆی لە دەست داوەو ئێمەش لە سەروبەندی هەڵبژاردنێکی هەستیاردایین، بەم ماوە درێژکردنەوەیە نایانەوێت بۆشاییەک لە دامەزراوەکانی هەرێمدا نەهێڵرێتەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا مەبەست ئەمە نییەو سیناریۆ شاراوەکان ئێستا بە وردی دەرکەوتن.

ئێستا ڕوونە کە ئەم هەموو خۆ خەڵەفاندن و دواخستنە بێ هۆ نییە، تەنیا مەبەستیش ئەوەیە ڕەشنووسی دەستوور بە پەلەو خێرا تێپەڕێندرێت و بوار بە ئەندامانی پەرلەمانی داهاتوو خەڵکی کوردستان نەدرێت بە وردی لەسەر ئەم دەقە گرنگ و چارەنووسسازە بووەستن و شەن و کەوی بکەن. ئەم پەرلەمانە لە دوا ساتەکانی خۆیداو پاش چوار ساڵ لە بێتوانایی و ناکارامەیی و لاوازی، لە کاتی گیانەڵادا دەیەوێت بەڵگەیەکی مەترسیدار بۆ ژیانی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک و ئایندەی دەسەڵات لە هەرێمدا بە شێوەیەکی نادیموکراسیانەو ڕووکەشانە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێندرێت نەها بۆ پاراستنی ئەو شێوازە دواکەوتووەی دەسەڵات و بەڕێوەبردن لەم هەرێمەداو هێشتنەوەی دەسەڵاتی ڕەهای چەند لایەن و کەسانێک.

هەق وایە سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان لەم ساتەوەختەداو بە هۆکاری بەسەرچوونی وادەی ڕاستەقینەی پەرلەمان نەچنە ژێر فشاری حیزبەکان و بوار نەدەن بەم شێوازە دەستووری کوردستان پەسەند بکرێت. پێموایە گەر ئەو بەڕێزانە بە دوای شانازیەکەوە بۆ خۆیان بگەڕێن پێویستە ڕێگە بەم گەمەیە نەدەن و ئەم دەقە گرنگە نەکەنە قوربانی ململانێی سیاسی و بەرژەوەندی بەرتەسکی لایەنەکان.

# دوای (٤٠) ڕۆژ سەرۆکی هەرێم یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان

**بەهادین یوسف**

دوای (٤٠) ڕۆژ لە پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان بەئیمزانەکراوی دەگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و داوادەکات سیستمی (کۆتا)ی پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم، لە کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دابنرێت.

ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/١١) پەرلەمان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەند کرد، کە لە (٣٥) مادە پێکهاتبوو، سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنەکە بە لیستی داخراو بەڕێوە دەچێت، سیستمی کۆتاش بۆ کورسی کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان لەو ئەنجومەنانە دانەنرا، لەگەڵ ئەوەی پەرلەمەنتارە کلدۆئاشوورییەکان ڕۆژی (٥/٦) لەڕێی یاداشتێکەوە داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردبوو سیستمی کۆتا لە یاساکەدا جێ بکرێتەوە.

دوای پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان، ڕۆژی (٥/١٢) هەر پێنج نوێنەری (کلدان، ئاشووری، سریانی) لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی یاداشتێکەوە داوایان لە سەرۆکی هەرێم کرد پڕۆژەیاساکە پەسەند نەکات و بیگەڕێنێتەوە پەرلەمان، بەڵام تورکمانەکانی پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکیان لەو بارەیەوە نیشان نەدا.

کەریم بەحری ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی گەڕاندووەتەوە بۆ پەرلەمان و داوایکردووە سیستمی (کۆتا) بۆ کەمە نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دابنرێت بەم شێوەیە «(١) کورسی بۆ ئەرمەن و (٣) کورسی بۆ کلدۆئاشوورییەکان لە دهۆک و (٣) کورسی بۆ تورکمانەکان و (٢) کورسی بۆ کلدۆئاشوورییەکان لە هەولێرو (١) کورسی بۆ کلدۆئاشوورییەکان لە سلێمانی».

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەموارکراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێویستە سەرۆکی هەرێم، لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئەو یاسایانە پەسەند بکات، یان ڕەتی بکاتەوە، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچوون و تێبینییەکانی خۆی لەسەر یاساکە بنووسێت و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئیمزای نەکرد یان تێبینی لەسەر نەبوو، یاساکە بەدەرچوو ئەژماردەکرێت و کاری پێدەکرێت.

سەردار هەرکی، ئەندامی هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ، لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زۆرجار دوای پەسەندکردنی یاساکان لە لایەن پەرلەمانەوە، کاتێکی زۆری پێدەچێت تا یاساکە داڕشتنەوەی کۆتایی بۆ دەکرێت، یان زۆرجار پەرلەمان درەنگ یاساکان دەنێرێت، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و لە بەرواری گەیشتنیەوە بۆ سەرۆکایەتی کاتەکە ئەژماردەکرێت، دەبێت سەرۆکی هەرێم لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ئیمزای بکات، یان ڕەتی بکاتەوە بەگشتی ، یان بەشێکی یاساکان ڕەت بکاتەوە».

بڕیاریشە لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا، پەرلەمانی کوردستان (ماوەبەسەرچوو)، خوێندنەوە بۆ تێبینییەکانی سەرۆکی هەرێم بکات کە لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکان هەیبووەو دواتر لە دانیشتنێکی دیکەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت.

## ئاگادارییەک لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاگاداری سەرجەم مامۆستایانی خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەییەکان، پارێزەرەکان و مافپەروەران دەکاتەوە کە فۆرمی چاودێریکردنیان پڕنەکردووەتەوە بۆ چاودێریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٣ دەتوانن، سەردانی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆن بکەن بۆ وەرگرتنی فۆرم.

تێبینی: موچەکانیان لە نێوان ٣٠٠ تا ٤٠٠ هەزار دینار دەبێت بە پێی پلەکانیان.

# ئایا پەرلەمان دەنگە ناڕەزاکانی دژ بەدەستوور بەهەند وەردەگرێت؟

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوای ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلێکی ناڕەزایی سەبارەت بە پەسەندکردنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە سەریهەڵدا، پرسیارێکی گرنگ ورووژا، ئەویش ئەوەیە، کە ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان کار بەو هەڵوێستە ناڕەزاییانە دەکاتو بە هەندیان وەردەگرێت؟.

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەوە چەند دەنگێکی ناڕەزایی سەبارەت بە پەسەندکردنی دەستوور بەرزبووەوە، کە دیارترینیان یاداشتنامەی ئەو (٢٥) پەرلەمانتارە بوو کە بۆ ئەم مەبەستە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، دوابەدوای ئەوانیش ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانو کەسایەتی سەربەخۆو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان چ لە ڕێی میدیاکانەوە بێت، یان لە ڕێی بەیاننامەوە بێت ناڕەزایی خۆیان لە پەلەکردن لەسەر پەسەندکردنی دەستوور دەربڕی کە لە ئێستادا ئەو مەسەلەیە وەک ڕای شەقامی کوردی سەیر دەکرێتو شێوەیەک لە گشتگیریی بەخۆوە بینیوە.

## «پەرلەمانی دیکتاتۆر»

پەرلەمانتار گێلاس محێدین، پێیوایە: کە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان گوێ بەو دەنگە نارازییە نەدات کە ئێستا سەبارەت بە پەسەندکردنی دەستوور دروستبووە، ئەوا دەبێتە پەرلەمانێکی دیکتاتۆر، وتیشی: «ئەوە جێگەی دڵخۆشیە کە خەڵک بە ئاگایە لەوەی دەستوورێک بەڕێوەیە کە لە بەرژەوەندی ئەو نییەو پڕ بە باڵای دەسەڵات دادوڕاوە بەو هۆیەشەوە دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕیوە، بەڵام ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان گوێ بەو دەنگە ناڕەزاییە نەدات کە دژ بە پەسەندکردنی دەستوور هاتووەتە کایەوە، ئەوا دەبێتە پەرلەمانێکی دیکتاتۆر، ئەمە لەکاتێکدا خەڵک پەرلەمانی هەڵبژاردووە، ئەگەر پەرلەمان گوێ بە داواکانی نەدات، ئەوا پەرلەمان ئەو نوێنەرایەتیەیە لەدەستدەدات».

هاوکات بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێناچێت پەرلەمان گوێ بەبوونی ئەو دەنگە ناڕەزاییە بدات کە لەئێستادا دروستبووە بەو هۆیەشەوە تێپەڕاندنی دەستوور دەبێتە هەڵەیەکی مێژوویی ترسناک.

پەرلەمانتار سەبریە غەفار، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەگەر بە خوێندنەوەی شتەکانی پێشووی پەرلەمان بێت ئەوەندەی دەیەوێت کارەکان بەڕێ بکات، ئەوەندە هەوڵنادات کە ڕای گشتیی وەربگرێت، ئەمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ناکرێت دەستوور وەک یاساکانی دیکەی پەرلەمان سەیر بکرێت، کە پشت بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان دەبەستێت، بەڵکو دەبێت لە دەرەوەی پەرلەمان دەستوور یەکلایی بکرێتەوە ئینجا بێتە پەرلەمانەوە.

> **پەرلەمانتار سەبریە غەفار:**
> **تێپەڕاندنی دەستوور لەم کاتەدا هەڵەیەکی مێژوویی ترسناکەو ڕێزنەگرتنە لە ئیرادەی میللەت**

## سەرۆکایەتی پەرلەمان گوێ بە ناڕەزاییەکان دەدات؟

سەبارەت بە بەهەند وەرگرتنی ئەو دەنگە ناڕەزاییانەی کە سەبارەت بە پەسەندکردنی دەستوور هەیە، تاریق جەوهەر ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان، ئاماژەی بەوە کرد «ئەو دەنگە ناڕەزاییانە بەهەند وەردەگیرێتو کار بەوانە دەکرێت کە لە خزمەتی پرۆژەکەدان». وتیشی: «بەداخەوە کە زۆربەی ئەو دەنگە ناڕەزاییانە لە نائاگاییەوە دەدرێتو ژمارەیەکیشیان پرۆژەکەیان هەر نەدیوە دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردووەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەرلەمان خۆی ئاگاداری ناوەڕۆکی پرۆژە دەستوورەکەیەو چوار ساڵە کاری لەسەر دەکاتو بە ڕای لیژنەی یاساییو دەستووریی پەرلەمان باشترین پرۆژەی دەستوورە بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان، هەم لە ڕووی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو هەم لە دابینکردنی ئازادیی بۆ تاکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو زۆر شتی دیکەش.

## ڕەشنووسەکەی دەستووری هەرێم گۆڕانگاریی تێداکراوە

پرۆژەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە دیباجەیەکو (١١٥)مادە پێکهاتبوو،لە(٢٠٠٦/٨/٢٢)ەوە ئامادەکراو خرایە بەردەستی ڕای گشتیی خەڵکو یاساناسانو شارەزایانی بواری دەستووریو ڕێکخراوەکانو حیزبو لایەنە سیاسییەکانو تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ پێشنیازی لەسەر وەرگیرا، دواتر لیژنەیەکی کاتی بە ناوی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەو پێشنیازو سەرنجو تێبینیانەی لەسەر دەستوورەکە هەبوو، بە وتەی ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانیش، گۆڕانکاری زۆر لە ڕەشنووسی دەستوورەکەدا کراوەو دیباجەکەی کورت کراوەتەوەو سوودێکی زۆر لەو تێبینیانە وەرگیراوە کە لەسەر دەستوورەکە بۆ پەرلەمان نێردرابوو، هەربۆیە بەبڕوای تاریق جەوهەر «پێدەچێت دوای بڵاوکردنەوەی کۆتا ڕەشنووسی دەستوورەکە دەنگە نارازییەکان کەم ببنەوە یان هەر نەبێت دوای بینینی دەستوورەکە ناڕەزایەتییەکان کەمێک لە مەنتیقیەتی تێدابێت».

## ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری کۆتا ڕەشنووسی دەستوور نین

پەرلەمانتار عەبدولڕەحمان ئەحمەد، ئاماژەی بەوە کرد، کە کۆتا ڕەشنووسی دەستووری نەبینیووەو وتی: «تائێستا کۆتا ڕەشنووسی دەستوورمان پێ نەگەیشتووەو نازانین چ گۆڕانگارییەکی تێدا کراوە».

هاوکات گێلاس محێدینیش تەئکیدی لەوە کردەوە، «زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان کۆتا ڕەشنووسی دەستووری نەدیوە»، وتی: لە سەرەتاوە ڕەشنووسی دەستوورمان چەندجارێک دیوە، «بەڵام ئاگاداری دوایەمین گۆڕانکاریی نینو نەماندیوە ئەگەر ئێمە کە ئەندامانی پەرلەمانین دەستوورەکەمان نەدیبێت، ئەی ئەو میللەتە چی بکات؟».

بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە ئەمڕۆ دوایەمین ڕەشنووسی دەستوور بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەشبکرێتو لە میدیاکانو ماڵپەڕی تایبەتی پەرلەمانی کوردستانەوە پیشانی ڕای گشتیی بدرێت، بڕیاریشە هەر ئەمڕۆ دانیشتنێکی تایبەت بە ڕوونکردنەوەی چەند خاڵێک لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە بچێتو لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دانیشتنێکی تایبەت بە دەستووری هەرێم ئەنجام بدات، بەڵام بەبڕوای سەبریە غەفار: «تێپەڕاندنی دەستوور لەم کاتەدا هەڵەیەکی مێژوویی ترسناکەو ڕێزنەگرتنە لە ئیرادەی میللەت».

(٩) ڕێکخراوی کەرکوک لە بەیاننامەیەکدا داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، تا جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و گەڕاندنەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پەسەندکردنی دەستوور دوابخرێتو ئاماژە بەوە دەکەن، کە: «زۆر پێویستە دەستوور هاوپەیوەستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت بۆ مانەوەی بە یەکپارچەیی».

شوان ئیسماعیل بەرپرسی ڕێکخراوی فەرەح لە کەرکوک، بە ڕۆژنامەی وت: «نابێت پەسەندکردنی دەستوور پەلەی لێبکرێت، لەکاتێکدا چەندین ناوچەی تەعریبکراوی سەر بە هەرێمی کوردستان چارەنووسیان بەستراوە بە مادەی ١٤٠-ەوە، کە لەئێستا کارەکانی لە قۆناغێکی زۆر سستو مردوودایە، پێویستیشە کوردی هەموو ناوچە جێناکۆکەکان دەنگیان بکەن بەیەکو داوای دواخستنی پەسەندکردنی ئەو دەستوورە بکەن، بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان».

> **«نابێت پەسەندکردنی دەستوور پەلەی لێبکرێت، لەکاتێکدا چەندین ناوچەی تەعریبکراوی سەر بە هەرێمی کوردستان چارەنووسیان بەستراوە بە مادەی ١٤٠-ەوە»**

---

### ئەو کەناڵەی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن پێشێل بکات، دەخرێتە لیستی ڕەشەوە

# دەسەڵاتی سزادانی ڕاگەیاندنەکان دەدرێتە بەغدا

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسونی باڵا ی سە ربە خۆی هە ڵبژارد نە کان
The Independent High Electoral Commission

**هەستیار قادر**

بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەو ڕێنماییانە لابدات، لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەخرێتە لیستی ڕەشەوە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش لیژنەیەکی هاوشێوە بۆ هەمان مەبەست پێکدەهێنێت.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە تا (٤٨) سەعات پێش دەنگدان (کە٧/٢٥ ئەنجامدەدرێت) بەردەوام بێت، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وەک لایەنی یەکەمی سەرپەرشتیارو جێبەجێکاری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە کار بە ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٩) دەکات، کە بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنو دەنگداندا، دەرچووە.

سەبارەت بەشێوازی چاودێریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو لانەدان لەو ڕێنماییانە، عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆمسیۆنی باڵا لیژنەی چاودێرییو تۆمار (رصد)ی دەبێت لەهەموو بوارەکاندا بۆ چاودێریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بینراوو بیستراوو نووسراوەوە بۆ زانینی ئاستی پەیوەستبوونیان بە بنەماکانی ئاکار (سلوک)و ڕۆژانە ڕاپۆرت لەوبارەیەوە ئامادە دەکرێتو بۆ سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی کۆمسیۆن بەرزدەکرێتەوە.

جگە لە ئاماژەدان بە مەرجەکانی هەماهەنگی نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ڕاگەیاندنی کۆمسیۆن بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە ڕووپێوکردنی پرۆسەی دەنگداندا، لەو ڕێنماییانەی کۆمسیۆندا هاتووە کە «دەبێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خۆیان لە شێواندنی ئەو زانیارییانە بەدووربگرن کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دەردەکرێت، پێویستە کەناڵە ڕەسمییەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستاندا بە (نووسراوو بینراوو بیستراو)ەوە دەرفەتی دادپەروەرانە بە نرخی گونجاو بۆ لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بڕەخسێنن بۆ بڵاوکردنەوەی مادەکانی هەڵبژاردنی تایبەت بەو لیستە.

لە بەرامبەر ئەو مەرجانەی ناو ڕێنمایی ژمارە (٨)ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا، ئاماژە بە سزادانی ئەو کەناڵانە دراوە کە ئەو ڕێنماییە پەیڕەوناکەنو پەیوەست نابن پێوەی، لە بەشی حەوتەمەی ڕێنماییەکاندا هاتووە کە ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆی هەیە متمانە لە هەر ڕۆژنامەنووس یان کەناڵێکی ڕاگەیاندن بکشێنێتەوە، کە لەو ڕێنماییەی کۆمسیۆن لایداوەو دەشتوانێت داوا لە دەستەی نیشتمانی عێراقی بۆ پەیوەندییەکانو ڕاگەیاندن بکات سزای ئەو کەناڵە بدات کە لەو سیستەمەی کۆمسیۆن لایداوە، بۆ ئەنجومەنی کۆمسیارانیش هەیە کە هەر دۆسیەیەک ڕەوانەی دادگای کەتن بکات، ئەگەر بەڵگەی تەواوی لەسەر دەستکەوت.

بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆن، ئاماژەی بەوەدا کە هەر پاڵێوراوو لیستێک کە لە کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە هێرشی کراوەتە سەر، بۆی هەیە داوای یاسایی لای کۆمسیۆن پێشکەش بکات، یەکێک لە سزاکانیش ئەوەیە کە کۆمسیۆن ئەو کەناڵە دەخاتە لیستی ڕەشەوەو مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، ڕەنگە داواش لە دەستەی نیشتمانی عێراقی بۆ پەیوەندییەکانو ڕاگەیاندن بکەن ئەو کەناڵە سزابدات کە لادانەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

لەلایەکی دیکەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە بۆ چاودێریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردندا، زیرەک کەمال، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لیژنەیەکمان پێکهێناوە تا لە ڕۆژانی هەڵبژاردندا چاودێریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەن، هەر کەناڵێکیش پابەندنەبێت بە مەرجەکانی کاری ڕۆژنامەوانییەوە، ناوی تۆماردەکەینو لە بەیاننامەیەکدا ناوەکانیان ڕادەگەیەنین، تا ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بڕیاری ئەوە بدات لە بەرامبەر ئەو کەناڵانەدا چ هەڵوێستێکی دەبێت.

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی سزادانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ دەستەی نیشتمانی عێراقی بۆ پەیوەندییەکانو ڕاگەیاندن، زیرەک کەمال وتی: «هەرێمی کوردستان، پەرلەمانو یاسای ڕۆژنامەگەریی خۆی هەیە، لەبەر ڕۆشناییانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا دەکەین».

# ـــــــردوودا (پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو)
# ـــــــایی هیچ ساڵێکی بودجەی هەرێم نەکردووە



پارەی زۆر سەرفکراوە بەناوی (سلف)و روونەکراوەتەوە کە دراوە بە چ لایەنێکو بە چ مەبەستێک بووەو بە چ میکانیزمێک وەردەگیرێتەوەو کەی وەردەگیرێتەوە، کە ئەمەش «لادانە لە رێنماییەکانی چاودێری دارایی لەبەر ئەوەی ئەو سلفانە تەسفییە نەکراون».

٣ ـ بە گوێرەی ئەو پارەی داهاتانەی حکومەت خراوەتە سەر بودجە داهاتی هەموو بوارەکانی حکومەت کەمتر لە (٥٪)ی خەرجیەکانی حکومەت پێک دەهێنێت. یەکێک لەو شارەزایانەی چاودێری دارایی لەوبارەیەوە وتی: «لە دنیادا شتی وانییە حکومەتێک بتوانێت تەنیا کەمتر (٥٪)ی بودجەکەی داهاتی هەبێت. کە ئەم ژمارەیە جێی گومانەو بەشێکی کەمی داهاتە، بەڵام حکومەت نەیخستووەتە ناو حساباتی حکومییەوە».

٤ ـ لە دەرەوەی بودجەی گشتی هەرێم پارەی دیکە دراوەتە حکومەتی هەرێمو شێوازی سەرفکردنی دیارنییە وەک قەرەبووی ئەو ناوچانەی بەهۆی لافاوەوە زەرەرمەندبوون، هەروەها ئەو پارەیەی بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر تەرخانکراوە.

٥ ـ حکومەت لە کۆتاییدا ئەوەی روونەکردووەتەوە، کە لەو پارەیەی خەرج نەکراوە لە بودجە چەند ماوەتەوە، چەندی بەنەقدی لە بانکدا هەیە، چەند لە شێوەی سلفەو قەرزدا هەیە.

ئەیاد خالید لەبارەی دیارنەبوونی داهاتی گشتیی هەرێم بەشێوەیەکی راستەقینە، دەڵێت: «ئەوەی بۆ ئێمە دەخرێتەڕوو، تەنیا بەشێکە لەو پارەیەی کە لە بەغداوە دێت، بەڵام داهاتەکانی دیکە ناخرێنەڕوو کە لای خەڵکی ئاسایی ئەم داهاتانە دیارنین».

ئەیاد خالید پێیوایە کە هۆکاری سەرەکی نەناردنی حسابی کۆتایی، شاردنەوەی ژمارە حەقیقییەکانە بۆئەوەی وردەکارییەکان نەخرێنەڕوو تا شەفافیەت نەبێت، بەهۆی ئەوەی داهاتی هەرێم داهاتێکی زۆر زۆرە بەتایبەت ئەگەر بەراوردی بکەین بە ژمارەی دانیشتووانو رووبەری هەرێم، ئەوا پارەیەکی خەیاڵی لەبەردەستی حکومەتی هەرێمدایە، بەتایبەت کە ئەو داهاتە ناگاتە دەستی هاوڵاتییانو هۆکاری سەرەکیش بۆ نەگەیشتنی داهات بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەو گەندەڵییە زۆرەیە کە هەیەو بە ئاشکراکردنی حسابەکان بەرژەوەندییەکانیان لەدەست دەچێت، بۆیە بەوشێوەیە مامەڵە دەکەن.

### ئەو پارەیەی لە بودجە دەمێنێتەوە دەچێتە گیرفانی کێوە؟

پرسیارێکی وەڵامنەدراوە هەیە، کە ئایا ساڵانە ئەو پارەیەی لە بودجەی هەرێم دەمێنێتەوە، رێژەکەی چەندەو دەچێتە گیرفانی کێوە؟ بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە هیچ ساڵێک نییە کە تائێستا هەرێم پارەی رەوانەکردبێتەوە بۆ ناوەند، ئەگەر پارەکەشی سەرف نەکردبێت، ئەوا لە رێگای دروستکردنی چەندینجۆر وەسڵەوە ئەم کارە بەرێکراوەو وتراوە کە پارەکە سەرفکراوە بۆ خەڵکی کوردستان.

ئەیاد خالید لەبارەی ئەو پارەیەی کە دەمێنێتەوە لە بودجە وتی: «دەزانرێت کە ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە دەچێتە گیرفانی کێوە، بەڵام رەنگە ژمارەکان بە وردی دیارنەبنو نەزانرێت کە چەندی دەچێت بۆ کام حیزبی دەسەڵات بە وردی، ئەگەر نا، هەموو کەس ئەو حەقیقەتە دەزانێت کە ئەو پارەیە دەچێتە گیرفانی کێوە، بەوپێیەی لە هەموو دنیادا وایە کێ لە دەسەڵات تاوانبار دەبێت لەکاتی دیارنەمانی پارەو تەسەروفکردن بە پارەوە».

ناوبراو ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەوانەی لێرەش لە دەسەڵاتدان، دوو حیزبی دیارن، ئەوانیش تا پێیانبکرێت ژمارەکان دەشارنەوە، تا هیچ شەفافیەتێک نەبێت بۆ خەڵکی ئاسایی.

### لەپێناو شاردنەوەی بودجەی پارتیو یەکێتیدا

سەرەکیترین هۆکار بۆ رەوانە نەکردنی حسابی کۆتایی بۆ پەرلەمانی کوردستان، شاردنەوەی رێژەی راستەقینەی بودجەی پارتیو یەکێتییە، ئەگەر پێدانی بودجە بە حیزبەکان (بە پارتیو یەکێتییەوە)، بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بێت، یا دەبێت رێژەیەکی کەمتر لەوەی ئێستا دەیبەن پارە بەر پارتیو یەکێتی بکەوێت، یا ئەوەتا دەبێت بودجەی حیزبەکانی دیکەش زیادبکرێت.

ئەیاد خالید لەبارەی بودجەی حیزبەکانەوە وتی: «زۆرییو کەمیی بودجە نازانم چەندە، چونکە لێدوانەکان جیاوازن لەوبارەیەوە، ئەگەر بەپێی یاسا ئەو بودجەیە وەربگرن، ئەوا شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر هەروا بەشێوەیەکی هەرەمەکی بێت، ئەوا خراپەو نابێت، پێویستە پێوەر هەبێت بۆ بودجەی حیزبەکان، پێویستە ئەم کارە بەپێی یاسا بێت، بەڵام باوەڕناکەم ئەو پارەیە بەپێی یاسا وەربگیرێت، چونکە حیزبەکانی دیکە زۆر کەم وەردەگرن لە بەرامبەر ئەواندا».

ئاماژەی بەوەشکرد قسە لەسەر بڕی پارەکە نییە، بەڵکو قسە لەسەر ئەو سیستەمەیە کە بڕیاری ئەوەی داوە کە ئەو پارەیە بدرێت بە پارتیو یەکێتی.

### دابەشکردنی بودجە لەنێوان پارتیو یەکێتیدا

بەوپێیەی کە تائێستا وەزارەتی دارایی یەکی نەگرتووەتەوە، گومانی ئەوە دەکرێت کە ئێستاش بودجەی هەرێم بۆ دوو ئیدارەی حکومەت سەرفبکرێتو یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی داراییش بەڵگەی ئەوەیە.

لەبارەی دابەشکردنی بودجە لەنێوان پارتیو یەکێتیدا ئەیاد خالید وتی: «وەزارەتی دارایی کۆڵەکەی سەرەکی ئەو حکومەتەیە، ئەگەر ئەو وەزارەتە یەکنەگرێتەوە، ئەوا مانای وایە کە حکومەت یەکی نەگرتووەتەوە، چونکە ئەو دەرامەتەی هەیە هەمووی دەچێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئێمە لە پرۆژەکەی خۆمان کە چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکەین، بۆمان دەرکەوتووە کە دوو بودجەیە هەیە، بودجەی هەولێرو بودجەی سلێمانی، بودجەی هەموو وەزارەتەکان لەسەر ئەساسی بودجەی هەولێرو سلێمانی دادەنرێت، ئەوەی ئێمەش هەستمانپێکردووە کە حکومەت هیچ یەکی نەگرتووەتەوە».

زانا رۆستایی لەمڕووەوە وتی: «ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە شەفافیەت نییەو داکۆکی زۆرمان کرد کە حسابی کۆتایی بنێردرێت بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەوە نەخرایەڕوو هەرچەندە دیاربوو کە حسابی شەش مانگی یەکەم بۆ سەرۆکایەتی رەوانەکرابوو، بەڵام ئەم حسابە نەهێنرایە نێو هۆڵی پەرلەمان، ئەمە جگە لەوەی کە حسابی شەش مانگی کۆتایی نەنێردراوە، هەرچەندە بەڵێنی ئەوەشیان دا کە بهێنرێتە هۆڵی پەرلەمان».

### پەسەندکردنی بودجە ئەسڵییەکە لە ژوورە تاریکەکاندایە

نەناردنی حسابی کۆتایی بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەم راستییەمان بۆ روونەکاتەوە کە تائێستاش دابەشکردنو گفتوگۆکردن لەسەر بودجە ئەسڵییەکەی هەرێم لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە لە ژوورە تاریکەکانی حیزبدا ئەنجامدەدرێت، لەپێناو ئاشکرانەبوونی ئەم کارەشیان بەهانە بۆ نەناردنی دەدۆزنەوە.

ئەیاد خالید لەمڕووەوە وتی: «نازانم ژوورەکە تاریکە یا نا، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کەس نازانێت ئەو بودجەیە چۆن سەرفدەکرێت، باوەڕم وایە ٩٥٪ی پەرلەمانتاران ئاگاداری وردەکاریی ژمارەکانی بودجە نین، ئەوەشی دەنێردرێت بۆ پەرلەمان، خۆیان دایدەنێنو ئەو ژمارە ئەسڵیانە نین کە هەن».




# ـــــــەشدەکرێن

دەکرێت، کە ئاخۆ کەسانی کۆنە بەعسییان تێدایە یاخود بە کێشەی تیرۆر تێوەگلاون یاخود نا.

تائێستا (٦٧) کەس بۆ پۆستی باڵیۆزی عێراق دەستنیشانکراون، کە لە ناویاندا (١٣) کەسیان لەلایەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە پاڵێوراونو یەکێکی دیکەش لە پاڵێوراوەکان لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامیەوە دیاریکراوە،

تانیا تەڵعەت ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە لیژنەکەیان لە رێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پێشنیازی ئەوەی کردووە ئەو کەسانەی کە ئەو مەرجانەیان تێدا نەبێت دەبێت لەلایەن لیستەکانیانەوە بگۆڕدرێنو خەڵکانی دیکە لەجێیان دابنرێت، دەربارەی پاڵێوراوەکانی لیستی هاوپەیمانیو یەکگرتووی ئیسلامیش رایگەیاند: پاڵێوراوەکانی یەکێتی بریتین لە حازم یوسفی، بەکر فەتاح، ئەحمەد بەرواری، شۆڕش خالید، حسەین سنجاریو پاڵێوراوانی پارتیش بریتین لە د. فایەقو سیروان بارزانیو د. پیرۆتو بورهان جافو نوێنەرەکەی یەکگرتووی ئیسلامیش دکتۆرێکی زانکۆی سلێمانی وانە دەڵێتەوە.

# دەنگ بۆ کام دەستوورەیان بدەین؟



**هەڤاڵ ئەبوبەکر**

پەرلەمانی کوردستان، لەم ڕۆژانەدا ئەوەی وروژاندووە کە هەوڵبدرێت بەر لەتەواوبوونی وادەی درێژکراوەی پەرلەمان، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق، بخاتە بەردەم ڕاپرسییەکی گشتیی هاووڵاتیانی کوردستانەوە، دیارە ئەمە دوای ئەو هەوڵانە دێت کە خوازیاری ئەوەبوون تەنیا لە پەرلەماندا دەنگ لەسەر دەستوور بدرێتو بێ گفتوگۆو ڕادەربڕینی تەنانەت ئەندامانی پەرلەمانیش، دەستوورێک متمانەی پێ ببەخشرێت.

خۆشبەختانە ئەم هەوڵە نەیتوانی سەرکەوتووبێت، چونکە هەوڵێک بوو کە دەیویست نادیموکراسییانە دەستوورێکی دیموکراسیخواز بەرهەمبێنێنێت، هیچ شتێکیش لە شتێک بەرهەمنایەت کە لانی کەمی ماکی شتی بەرهەمهاتووی تێدانەبێت.

ئێستا، جیا لە جاران، باس لە زەرورەتی زۆری دەنگدان لە سەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراقدا، دەکرێت، ئەمە بەلایەک لەگەڵ هەموو ئەو تێبینیانەی لەسەر زەرورەتو ناوەرۆکو ...تاد، پڕۆژەکە هەمن، بەڵام تەنیا ئەو پرسیارە لە پەرلەمانی کوردستانو لیژنەی یاسایی پەرلەمانو ڕاگەیاندنی پەرلەمان دەکەم کە ئایا: «دەنگ بۆ کام دەستوورەیان بدەین؟»، لەوانەیە پرسیارێکی وەها لای خەڵک سەمەرەبێت، کە ئەوان پێیانوایە یەک دەستووریشمان نییە، بەڵام بەندە باس لە دووان دەکەم!

بەڵێ، دووان:

یەکەمیان، ئەو پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراقەیە، کە پەرلەمان بەردەوام لەم ڕۆژانەدا پێماندەڵێت شەش مانگە لە سایتەکەماندا خستوومانەتە بەردیدەی خەڵکو دەیانەوێت بەمە قەرزاربارمان بکەن کە ئاگامان لە سایتەکەو پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراقو مادەو بڕگەکانی ئەم پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراقە، نییە، لە کاتێکدا هەتا کاتی ئەم نووسینە وەک لە سکرینی سایتەکەی پارلەماندا دەردەکەوێت کە هاوپێچی ئەم نووسینەیە، ئەو پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراقە دانراوە:

١. بەزمانی کوردیی نووسراوە.
٢. لە ٢٠٠٦/٨/٢٢دا ئامادەکراوە.
٣. ١١٥ مادەیە.
٤. دیباجەیەکی درێژی (٥) لاپەڕەیی هەیە.

ئەمە جگە لە زۆر شتی تر تەنها ئەمانە بۆ ئاسان تێگەیشتنی خەڵکە.

دووەمیان، ئەو پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراقەیە، کە پەرلەمان بەردەوام لەم ڕۆژانەدا پێماننالێت لە کوێدا بڵاویکردووەتەوەو لە کەیەوە بڵاویکردووەتەوە، کە:

١. بەزمانی عەرەبیی نووسراوە.
٢. لە ٢٠٠٨/٨/١٩دا ئامادەکراوە.
٣. ١١٩ مادەیە.
٤. دیباجەیەکی کورتی هەیە.

ئایا ئێستا پەرلەمان دەتوانێت پێمانبڵێت، ئەگەر خرایە دەنگدانەوە دەنگ بۆ کامیان بدەین؟ ئایا دەنگ بۆ ئەوە بدەین کە بینراوەو بڵاوکراوەتەوە، یان دەنگەکانمان دەچێت بۆ ئەوەی کە بڵاونەکراوەتەوەو بە موحەدەدی نەبێت، نەبینراوە؟!



# لە چوار ساڵی ڕاب...
# گفتوگۆی لەسەر حسابی کۆت...

**هەولێر، ئیبراهیم عەلی**

## پەرلەمان ناتوانێت قسە لەسەر حسابی کۆتایی بکات

تائێستا حکومەتی هەرێم تەنیا ساڵێک کە حسابی کۆتایی بۆ پەرلەمان ناردبێت، ساڵی ٢٠٠٧ە، ئەویش تائێستا لە هۆڵی پەرلەمان لەمبارەیەوە هیچ گفتوگۆیەکی لەسەر نەکراوە، لە بەرامبەر ئەوەشدا ساڵانە پەرلەمانی کوردستان بودجە بۆ حکومەت پەسەند دەکات، بەڵام تائێستا ئەوەی بۆ خەڵک نەخستووەتەڕوو کە ئایا ئەم بودجەیە چۆنو لەلایەن کێوە سەرفدەکرێت؟!

ئەیاد خالید لە ڕێکخراوی ئاسک، سەبارەت بە بێتوانایی پەرلەمان لە قسەکردن لەسەر حسابی کۆتایی دەڵێت: «بەهۆی ئەوەی زۆرینەی ئەندامەکانی پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) ئێستا لە پارتیو یەکێتی پێکهاتوون، بۆیە ئەوان ناتوانن دژی بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەیان بووەستنەوە، ئەگەرچی بۆچوونی جیاوازیش هەبێت».

## حسابی کۆتایی ٢٠٠٧ لە پەرلەمان

جوتیار مەجید، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو کە حکومەت حسابی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ی ناردووە بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمانو ئەوانیش لای خۆیانەوە ڕاپۆرتیان لەبارەوە ئامادەکردووە، نووسراویشیان بۆ سەرجەم لیژنەکان کردووە، کە ئەوانیش تێبینییەکانی خۆیان لەوبارەیەوە بخەنەڕوو.

جوتیار مەجید لەبارەی حسابی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨-ەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەپێی یاسا دەبێت شەش مانگ بەسەر ئەو ساڵەدا بڕوات ئینجا حسابی ئەو ساڵە قوفڵ دەکرێت، نەهاتنی حسابی کۆتایی ٢٠٠٨ پەیوەندی بەو حاڵەتەوە هەیە»، سەبارەت بەوەی کە تائێستا لە هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆ لەبارەی حسابی کۆتایی نەکراوە، ئەو ئەندامەی پەرلەمان وتی: «ئەوەیان نازانم کە لەبەرچی نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام حسابی کۆتایی هاتووە بۆ پەرلەمان».

## شاردنەوەو نەخستنەڕووی وردەکارییەکان

بەپێچەوانەی قسەکانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوە کە بەردەوام بانگەشە بۆ شەفافیەت دەکەن، بەرپرسانی هەرێم خۆیان بە دوور دەگرن لە قسەکردن لەسەر بودجەو چۆنێتی سەرفکردنی، ئەمەش پێچەوانەی بانگەشەکانیانە کە لە کەناڵەکانی خۆیانەوە دەیکەن.

ناکرێت لە پەسەندکردنی بودجە کەمبکەینەوە، بەڵام پەسەندکردنی بودجە مانایەکی نابێت ئەگەر وردەکارییەکانی چۆنێتی سەرفکردنی ئەو بودجەیە لەلای خەڵک ڕۆشن نەبێت، ئەوەی ئێستا دەیبینین لە هەرێمدا بودجەی ئێجگار زۆر بۆ پڕۆژەکان تەرخاندەکرێت، بەڵام جگە لە پارتیو یەکێتی کەسی دیکە ئاگاداری وردەکاریی سەرفکردنی پارەی ئەو پڕۆژانە نییە، کە ئایا تەواوی پارەکان سەرفدەکرێن؟ یا ئەو پارەیەی کە لە ئەنجامی پڕۆژەکان دەمێنێتەوە، دەچێتە گیرفانی کێوە؟!

ئەیاد خالید لەبارەی شەفاف نەبوونی حکومەت بەرامبەر پەرلەمان وتی: «پەرلەمانتارەکان ناتوانن بە وردی بچنە نێو وردەکارییەکانی بودجەوە، بەهۆی نەبوونی شەفافیەتەوە، بەوپێیەی بوونی شەفافیەت لە بودجەدا دەبێتە هۆی ئەوەی شەفافیەت لە بەرژەوەندیی پارتیو یەکێتی دەدات».

ناوبراو زیاتر وتی: «شاردنەوەی ژمارە ڕاستەقینەکانی بودجە بۆ ئەوەیە کە داهاتی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دیارنەبێت، بۆئەوەی لە داهاتوودا ڕووبەڕووی لێپرسینەوە نەبنەوە بەهۆی بەهەدەردانی سەروەتو سامانی گشتی».

## دیارنەبوونی داهات

بەشێوەیەکی فەرمی تائێستا ئەوە ڕانەگەیەنراوە کە سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم جگە لەو بودجەیەی کە لە عێراقەوە بۆی دێت چەندەو داهاتی ناوخۆی هەرێم لە چ ئاستێکدایە، یا داهاتەکانی حکومەت چەندن بەتایبەت کە بە ڕێژەیەکی زۆر باجو ڕسومات لە خەڵکی هەرێم وەردەگیرێت، ئەوە جگە لەوەی کە وڵاتانی کۆمەکبەخش بەشێوەیەکی بەرچاو هاوکاریی هەرێمیان کردووە لەوڕووەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکاو کۆریا، بەڵام حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی شەفاف ئەم بابەتەی ڕووننەکردووەتەوە.

بەشی هەرەزۆری پێویستییەکانی هەموو عێراق لە ئەوروپاوە لەڕێی تورکیاو بەقاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە دەهێنرێتە کوردستان، کە ئەو خاڵە گومرگیەو ئەوانی دیکەش لە حاجی ئۆمەران، باشماخو خاڵە گومرگیەکانی دیکەش داهاتی ڕاستەقینەیان چەندە؟



چەند شارەزایەکی چاودێری دارایی کە هاوکاری ڕۆژنامەیان کردووە لە شیتەڵکردنی خشتەی حیساباتی کۆتایی بودجەی (٢٠٠٧)ی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو خشتەیەوە سەرنجەکانیان لە چەند خاڵێکدا خستەڕوو کە بریتین لە:

١ ـ ناشەفافیو تێکەڵاو کردنێکی زۆرو مەبەستدار هەیە لە حیساباتەکەدا وەک ئەوەی زاراوەی داهاتەکانی دیکە (ارادات اخری) هەیە لە داهاتەکانی هەرێم، کە ڕوون دەبوایە ڕوونبکرایەتەوە ئەو داهاتانە چینو لەکوێوە هاتوونو هەریەکەیان چەندەو بەپێی ئەو خشتەیەی هەیە هەر داهاتەو لە خشتەی خۆیدا پۆلێنو ڕیزبەند بکرایە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە گومرک «وەک یەکێک لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی داهاتی هەرێم» جیانەکراوەتەوەو خراوەتە باسی (باج)ەوە.

٢ ـ خاڵێکی دیکە کە زۆر لێڵو ناڕۆشنە مەسەلەی پێشینە (سلف)ە کە بڕێکی

# بەشێکیان خزمو کەسوکاری بەرپرسە باڵاکانن.....
# باڵیۆزەکان لەنێوان حیزبەکاندا داب...

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت: کە دیاریکردنی پاڵێوراوانی باڵیۆزەکانی عێراق لەسەر بنەمای دابەشکاری سیاسیی (محاصصه) بووەو تانیا تەلعەت، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، کە لەم قۆناغەدا ئەو بنەمایە پەیڕەودەکرێت، چونکە لەئێستادا وەزارەتی دەرەوە ژمارەی پێویست کادیری نییە بۆ پۆستی باڵیۆز، بۆیە ئەو بنەمایە کراوەتە پێوەر.

سەلمان جومەیلی، ئەندامی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەندامی بەرەی تەوافق لە لێدوانێکدا ئەوەی خستەڕوو، کە لە ناو باڵیۆزە پێشنیازکراوەکانی عێراقدا (٣٠) باڵیۆزیان لەسەر بنەمای دابەشکاری بۆ ئەو پۆستانە دیاریکراونو وتی: «ژمارەیەک لەو کەسانەی بۆ ئەو پۆستە دیاریکراون خزمو کەسانی نزیکی بەرپرسە باڵاکانو بەشێک لەو کەسانەش لەڕووی تواناو لێوەشاوەییەوە لە ئاستێکی نزمدانو زوربەیان خزمەتی مەدەنیان هەیە نەک دبلۆماسیو سیاسی».

ڕێککەوتنی لایەنە سیاسیەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دیاریکردنی باڵیۆزەکانی عێراق لەکاتێکدایە کە ژمارەیەک لە حیزبو هێزە بەشداربووەکانی حکومەتی عێراقی لای خۆیانەوە ئەوەیان ڕەتکردەوە کە دیاریکردنی باڵیۆزەکان لەسەر بنەمای دابەشکاری سیاسی بێت، ئەو لایەنانە پێیانوابوو دیاریکردنی باڵیۆزەکان دەبێت لەسەر بنەمای ئەزموونو لێوەشاوەیی بێت.

تانیا تەلعەت، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە نکۆڵی لەو زانیارییە نەکردو ڕایگەیاند: «دەستنیشانکردنی ئەو (٦٧) کەسەی بۆ پۆستی باڵیۆزی عێراق پاڵێوراون لەسەر بنەمای (محاصصە)ی سیاسی بووە» بەڵام ئەو پێیوابوو دیاریکردنی باڵیۆزەکان بەپێی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانە بڕیاریان لەسەر دراوەو ئەو لایەنانەش کە دەڵێن دیاریکردنی باڵیۆزەکان لەسەر بنەمای (محاصصە)یە ئەوا خۆشیان لەسەر ئەو بنەمایە لەلایەن لیستەکانیانەوە پاڵێوراوەکانیان دیاریکردووە.

بەم دواییانە لە وەزارەتی دەرەوە بڕیاری ئەوە دراوە کە پێویستە ئەو کەسانەی بۆ پۆستی باڵیۆزی عێراق دەستنیشان دەکرێن (٢٥٪) زیاتریان پاڵێوراوی سیاسی نەبن، بەڵکو دەبێت بڕوانامەیان لە بواری کاروباری دەرەوەدا بێت، بەڵام وەک ئەندامەکەی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئاماژەی پێکرد «لەم قۆناغەدا ئەو بڕیارە جێبەجێ ناکرێت، چونکە وەزارەتی دەرەوە لەئێستادا ژمارەی پێویستی باڵیۆزی نییە بۆیە دابەشکردن لەنێوان لیستەکاندا کراوەتە پێوەر بۆ دیاریکردنی باڵیۆزەکانو لە قۆناغەکانی دواتردا ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکرێت بۆ دیاریکردنی باڵیۆزەکان، هەرچەندە ئەو کەسانەی دیاریکراون هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوەو زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی بەرزنو لە توانایاندایە ببنە باڵیۆزو نوێنەرایەتی عێراق بکەن لە دەرەوەی وڵات».

لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چەند مەرجێکی بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵیۆزی عێراق دیاریکردووەو لەئێستاشدا لیژنەکە سەرگەرمی لێکۆڵینەوەیە لە بڕوانامەی ئەو کەسانەی بۆ پۆستی باڵیۆزی عێراق پاڵێوراونو لێکۆڵینەوە لە پێشینەیان

## خانم ڕەحیم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسودە:

# ڕەوشی ژنان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ڕێکخراوەکان داوای دەکەن

سەرکەوت ئەحمەد



**لە (٤٣) وەزیر، (٣) وەزیر ژنە کە یەکێکیان وەزیری هەرێمە، ئەو دوو حیزبەی کە حکومەت بەڕێوەدەبەن (یەکێتیو پارتی)، تائێستاش لە مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیو سەرکردایەتیو ناوەندەکانی بڕیاریاندا ژنی تێدانییە**

**پرسی شێوازی بەشداری سیاسی ژنان لە کوردستانو ئاستی بەشداری ئەو توێژە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، یەکێکە لەو باسە گرنگانەی کە لەمساڵدا گرنگی زۆری پێدراوە بەتایبەتی پاش هەموارکردنی یاسای باری کەسێتیو گفتوگۆکردن لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ژنان لە پەرلەمانی کوردستاندا.**

**خانم ڕحیم بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسودە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانو ئەندامی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ژنان لە کوردستاندا هێشتا لە پەراوێزی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندانو پێگەی شیاوی خۆیان بەدەست نەهێناوە.**

**ڕۆژنامە: هەندێک گۆڕانکاریی لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا بەدیدەکرێت، گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی مێینە لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟ هیچ بەرەوپێشچوونێک هەیە لەو بوارەدا؟**

* ئازادییو بەرەوپێشچوونی ژن پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە، هەتا کۆمەڵگا ئازادنەبێتو بە هەمانشێوە پیاو تێیدا ئازادنەبێت، ژنیش ناتوانێت تێیدا ئازادبێت، چونکە ژن بەشێکە لە کۆمەڵگاو بوونەوەرێکی دابڕاونییە، لە کوردستانیشدا من وایدەبینم ژن نە پێشکەوتووە، نە لەشوێنی خۆشیەتی، هەوڵی زۆر هەیە کە ژن پێشبکەوێتو گۆڕانکاریی لە بارودۆخی ژنانو بەشداری کاری سیاسیو کۆمەڵایەتیی ژنان زیادبکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە هەموو تاکەکان تێیدا ئازادنینو کۆمەڵێک ڕێگرییو بەربەستی جۆراوجۆر هەیە، وەکو کلتوور یان دابونەریت یان نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان. ناتوانرێت بوترێت ژن ئازادەو دۆزەکەی پێشکەوتووە، تەنانەت لە حاڵێکی لەوشێوەیەدا سەربەخۆیی کاری ژنان مەحاڵ دەبێت.

ئەگەرچی بەهۆی ئەو هەوڵانەی لەم ساڵانەی دواییدا دراون، دەتوانم بڵێم ژن بارودۆخی زۆر لە پیاو باشترە لەڕووی ئەوەی کە بتوانێت مافەکانی خۆی دەستەبەربکات، گۆڕانکاریی بکات لەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی ئەودا نین، لە هەموو توێژەکانی دیکە زیاتر توانیویەتی ئەو هەوڵانە بدات، بەتایبەتیش لە کابینەی پێنجەمدا گۆڕانکاریی زۆر ڕوویدا، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر یاسای باری کەسێتیدا هێنران، ڕاستە بەپێی پێویست نییە، بەڵام هەنگاوێکی باشو بوێرانەبوو، چونکە ئێمە لە عێراقداینو بە دەوڵەتێکی ئیسلامیی ئەژمار دەکرێت، لەوانەیە (٢٠) ساڵ لەمەوبەر دەستبردن بۆ یاساکانی باری کەسێتی شتێکی مەحاڵو گران بووبێت، بەڵام ئێستا هەتا پیاوانی ئایینیو خەڵکانی شارەزا لەبواری ئایینیشدا بەشداربوون لە دارشتنەوەی یاساکەدا، ئەمە دەستکەوتێکی گرنگە، جگە لەوەش ئێستا یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان لە پەرلەمانەو ئەگەر پەسەندبکرێتو لە پەرلەمان دەرچێت، شتێکی زۆر باش دەبێت.

**ڕۆژنامە: بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانو کاری سیاسی لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟**

* ئەگەرچی بەشێوەیەکی تەواو نازانرێت ئەو پێوەرانە کامانەن کە بەشداری سیاسی کەسێکی پێدەپێورێت، کەسێکی چالاکو کارای پێ جیادەکرێتەوە، بەبڕوای من ئەو پیاوانەی لە کابینەی ڕابردوو و ئێستادا بەشداریانکردووە لە پەرلەمانی کوردستاندا، کارانەبوون، بەڵام نازانم بۆچی بە تەنیا سەرنج دەخرێتە سەر ژنان، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ژن لە کۆمەڵگادا توێژێکە بە پلەی دوو دادەنرێتو لەئاستێکی جیادا ئەژماردەکرێت، زۆرجار ئەو مافەی پێنادرێت کە بچێت بەشداری سیاسی بکات، بۆیە هەوڵەکەی دوو هێندە دەبێتەوە، هەوڵێک کە بێتە دەرەوەو وەکو مرۆڤ خۆی بسەلمێنێت، هەوڵێکی دیکەش بۆئەوەی بەپیاو بڵێت ئەوەی کە تۆ دەتوانیت بیکەیت، منیش دەتوانم بەئەنجامی بگەیەنم.

لەڕاستیدا ناوی ئەو پیاوانەی لە پەرلەماندا کارابوون بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەندام پەرلەمانی پیاو هەیە تائێستا خەڵک ناوی نازانێت، بۆیە هەمان شتیش بۆ ئافرەت هەیە، ژنی کارا هەیەو ژنی ناکارا هەیە. من بەباشی دەزانم ژنان خۆیان تایبەت نەکەن لەسەر ئەوەی کە تەنیا لەسەر مەسەلەکانی ژنان کاربکەن، بەڵکو دەبێت جێگادەستیان هەبێت لە هەموو بوارەکاندا، بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی، خوێندن، زانکۆو ئینجا مەسەلەی ژنان، نابێت بەوشێوەیە بڕوانرێت کە ژنی ئەندام پەرلەمان دەبێت تەنیا بەرگریی لە مافی ژنان بکات، بەڵکو دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە پەروەردەدا، چونکە دەتوانێت باشترین ڕۆڵی هەبێت لەو بوارەدا حیزبەکانو حکومەت دەبێت لە هەموو لیژنەو بوارەکاندا دەورو کاریگەریی خۆی هەبێت.

لەبەرئەوەی سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لیستی داخراوە، ناتوانیت گرەنتی بکەیت ئەو ژنو پیاوانەی لە لیستەکاندان بەڕاستی نوێنەری توێژەکانی خۆیانو میللەت بن، ئەو ڕۆڵە ببینن کە خەڵک دەیەوێتو گەیەنەری دەنگی ئێمە بن لە پەرلەمان، لەم کابینەیەدا خۆشبەختانە دەمبینی لیژنەکان قسەیان هەبوو، هەروەها لیژنەی ئافرەتان زۆر کارابوون، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوانەش کەسایەتی بوونو تووشی ڕووبەڕووبوونەوەش دەبوون، تەنانەت لەناو حیزبەکانی خۆشیاندا، قسەیەکیش هەیە کە پیاو چەند قسەبکات قسەی پێناوترێت، بەڵام ئافرەت قسە زۆر بکات پێی دەوترێت دەمی درێژە، هەربۆیە زۆر تەحەدیات هەیە ڕووبەڕووی ژنە ئەندام پەرلەمان دەبێتەوە لە کۆمەڵگاو لەناو پەرلەمانو لەناو حیزبو قەوارەکانیشدا.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشو بارودۆخی ژنان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ڕێخراوەکانو ڕۆشنبیران داوای دەکەن، لەم کابینەیەی حکومەتدا لە (٤٣) وەزیر، (٣) وەزیر ژنە کە یەکێکیان وەزیری هەرێمە، ئەو دوو حیزبەی کە حکومەت بەڕێوەدەبەن (یەکێتیو پارتی)، تائێستاش لە مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیو سەرکردایەتیو ناوەندەکانی بڕیاریاندا ژنی تێدانییە، بۆیە زۆر ئاساییە کە لە پەرلەمانو حکومەتیش ژن نەبینیت، لەکاتێکدا ئەم حیزبانە بانگەوازی دیموکراسیو مافی ژنو مافی منداڵو سۆسیال دیموکراتو عەلمانیەت دەکەن، هەتا ئیسلامییەکان باشترن کە ژنیان لەناو مەکتەبی سیاسییەکانیاندا داناوە سەرباری ئاراستەی کارکردنیان، ئایا یەکێتیو پارتی ژنیان دەستناکەوێت بۆ مەکتەبی سیاسی، من دەڵێم وانییەو ژنی زۆر باشی تێدایە، ئەوەندەیان هەیە بۆ نموونە لە (١١) مەکتەبی سیاسی، (٣) کەسی ژن بێت.

**ڕۆژنامە: بۆچی تائێستا هەوڵی ئەوە نەدراوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە هێزێکی فشار دروستبکرێتو کۆمکارێک پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی ڕێژەیەک لە ژنان لەنێو ریزەکانی خۆیاندا پارێزگاریی لێبکەن؟**

* ئەوە پێی دەوترێت جیاکاریی ئیجابی، پێویستە تۆ ژن جیانەکەیتەوەو حەقی خۆیەتی (٥٠) بە (٥٠) بێت، بەڵام لەبەرئەوەی ژن کە هەمیشە بە پلە دوو تەماشادەکرێتو تائێستا ڕێگای پێنەدراوە کە ڕۆڵی خۆی وەکو پێویست ببینێت، پێویستە بە ڕێژەیەک بەشدارییەکەی پارێزگاریی لێکبرێت، ئەم جیاکارییە ئیجابییە هەنگاوێکی زۆر گرنگە کە ٢٥٪ بوو بە ٣٠٪، بەڵام باشتروابوو کە ئەوە تەنیا بۆ پەرلەمان نەبێتو بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بوایە، ئەوکاتە هەنگاوەکە گرنگتر دەبوو.

لەئێستادا ئێمە وەکو ڕێکخراوەکانی (NGO) کە کار لەسەر دۆزی ژنان دەکەین، ناتوانین ئەو فشارە دروستبکەین، بەڵام ڕێکخراوە حیزبییەکان دەیانتوانی ئەو فشارە بخەنە سەر حیزبەکانی خۆیان کە دەبێت ڕێژەی ژنان زیادبکەن، بۆ نموونە چەند ساڵە یەکێتی ژنانو ئافرەتان دوو ڕێکخراوی زۆر گەورەنو دەیانتوانی ئەو ڕۆڵە زۆرباش ببیننو یەکێک لە ئیشە سەرەکیەکانیان ئەوەبێت کە ڕۆڵی ژن لەناو حیزبدا زیادبکەن، ئەگەر من ئەندامێکی یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوومایە کە بەو کارە هەڵناستێت، دەستم لەکار دەکێشایەوەو وازمدەهێنا.

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە، پێموایە دەبێت حکومەت ئەو ڕێژەیە بسەپێنێت بەسەر حیزبەکاندا بەرلەوەی مۆڵەتی کارکردنی پێبدات، دەبێت حکومەت لە سیستمەکەیدا یەکسانی جێندەری لەبەرچاوگرتبێت، ئەوکاتە دەتوانێت نەک بەسەر حیزبدا، بەڵکو بەسەر هەر دەزگایەک یان پەیمانگایەکدا ئاستی بەشداری ژنان بەپێی یاسا ڕێکبخات.

**ڕۆژنامە: چۆن دەتوانین سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە ببینین کە هاوشێوەی کوردستان بە مێژوویەک لە جیاکاریی جێندەریو سیاسیو نەتەوەییدا تێپەڕیونو ئێستا لەئاستێکی باڵای شارستانیدان؟**

* لەماوەی ڕابردوودا وەکو ئەندامی لیژنەیەکی باڵا لە عێراقەوە ڕۆشتین بۆ ئەفریقای باشوور بۆ سەردانی لیژنەی دەستووریی ئەو وڵاتە، سەردانی زۆربەی زۆری نووسینگەی حیزبەکانمان کرد ڕەشو سپییەکانیش، بینیمان ئەو وڵاتە دوای ئەو ڕاپەڕینەی لە ١٩٩١دا ئەنجامیاندا، خۆیان ڕێکخستووەتەوەو حکومەتیان ڕێکخستووەتەوە لە سەردەمی ماندێلاو دواتریش.

لە باشووری ئەفریقا حیزبی ژنان هەیە بەناوی (حیزبی ژنان)، کاتێک قسەمان لەگەڵ سەرۆکی ئەو حیزبەدا کرد، وتی: سەرباری هەموو ناکۆکییەکانمان لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست لەسەر مەسەلە بنەڕەتییەکانی ژنان یەکین، لەکاتێکدا لەوێ کە (١٣) زمانی فەرمی هەیە.

سەرۆکی لیژنەی دەستووریی باشووری ئەفریقا پێیوتین، دوای ڕاپەڕین حکومەت دادەڕێژرا زۆربەی کات پیاوان کۆدەبوونەوە بۆ قسەو گفتوگۆ، سەرئەنجام بەلای ئەوەدا ڕۆیشت بۆچی ژنمان لەگەڵدا نییە، بە دەستپێشخەریەکی ماندێلاو حیزبەکەی سەپێنراوە بەسەر هەموو حیزبەکاندا کاتێک پیاوێک دەچێت بۆ کۆبوونەوە، دەبێت ئافرەتێک لەگەڵ خۆیدا بەرێت، لەکاتی دانیشتن لە مێزە دائیرییەکانیاندا بازنەیەکت دەستدەکەوێت کە نیوەی ژنە، بەوجۆرەش ڕێژەی بەشداری ژن لە حیزبەکاندا زیادکرا، کە ئێستا ڕێژەی بەشداری ژنان لە وڵاتە ٤٥٪ بەرەوژوورە.

ئەم ئەزموونانە دەکرا سوودی لێوەربگرین، بەڵام بەداخەوە زۆرجار ئێمە کە ئەم شتانە دەبینینو دێینەوەو قسەشی لەسەر دەکەین، کەس گوێمان لێناگرێتو هەروا دەزانرێت چووین سەفەرێکی ئاساییمان کردووەو گەڕاوینەتەوە.

لە سەردانێکی دیکەماندا بۆ لوبنان لەم هەڵبژاردنانەی ئەم ماوەیە کە لە ڕێکخراوی کارتەر سەرنتەر داوام لێکرا وەکو چاودێری نێودەوڵەتی بەشداربم، لە (٣٠) وڵاتەوە (٥٥) کەس بووینو چەند کەسایەتییەکی وەکو جیمی کارتەرو خێزانەکەیو چەند وەزیرێکی پێشووی وڵاتانی عەرەبی بەشداربوون، ئەوەی لە لوبنان بینیمان ئەوەبوو کە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کێشانەی کە هەیانە، کارەکانیان زۆر بەرنامە بۆ داڕێژراوبوو، گرنگی بە نابیناو کەمئەندام درابوو، ڕێژەیەکی زۆری ژنان بۆ دەنگدان دەهاتن، لێرە زۆر کەس دەبینیت کە بێزاربووەو دەڵێت دەنگ نادەم، بەڵام دەبێت بە ژنو بە پیاوەوە تێبگەین کە دەنگدان گرنگە.

یەکێک لەو کێشانە ئافرەتانی لوبنان هەیانە ئەوەیە، کە نفوزی دەنگدانی ژنان دەچێتە ئەو ناوچەیەی کە مێردەکەی لێی نیشتەجێبووە، ئەگەرچی لەوانەیە هیچ کەسێک لەوانەی بەدڵ نەبێت کە مێردەکەی لێیە، لەلایەکی دیکەوە، لە لیستی حیزبەکاندا ڕێژەی ژن زۆر کەمە، کە دەتوانم بڵێم (٧– ٨) ژن هەیە بە هەموو حیزبەکانەوە، کە ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانی ژنی لوبنانی، خۆیان دەڵێن لەگەڵ بوونی هەموو ئەو ئازادییەی کە هەمانەو لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیدەین، تائێستا بەهۆی ئەو کێشە تایەفیو ئایینییەی کە هەیە، نەتوانراوە ڕێژەیەکی چەسپاو بەدەستبهێنین.

## ئێران... وتەکانی شەقام

# هەڵکشانو داکشانی خۆپیشاندانەکان

جەمال ئیختیار



میرحسێن موسەوی، کاندیدی سەرنەکەوتووی ریفۆرمخوازەکانی ئێران بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە، داوای لە لایەنگرانی کرد بۆ پاراستنی گیانیان واز لە خۆپیشاندانو نارەزایی دەبرین بهێنن، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەو لێدوانانەی حکومەتی تاران کە ئۆباڵی رژانی خوێنی خۆپیشاندەرانیان خستە ئەستۆی موسەوی.

دوای ئەوەی لە رێپێوانەکانی ئەمدواییەی ئێراندا چەند کەسێک کوژران، کاندیدی ریفۆرمخواز میرحسێن موسەوی داوای رێپێوانی زیاتری کردبوو، رۆژێکیشی وەکو ماتەمینی گشتی راگەیاند، بەڵام دواتر رێپێوانەکان هەڵوەشێنرانەوە، هەرچەندە بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ لە لاپەرەی تایبەتیی خۆی لە ماڵپەری فەیسبووکدا ئامادەیی بۆ «شەهیدبوون» دەبریوە.

رۆژی چوارشەممەی رابردووش موسەوی، لەسەر وێب سایتەکەی خۆی داوای لە جەماوەری ئێران کردبوو لە نارەزایی سەرانسەریدا بەشێوازی ئاشتیانە بەشداریی بکەنو رۆژێکیش پرسە بگێرن بۆ کوژراوەکانی رووداوەکانی ئەمدواییە لە ئێران.

موسەوی بڵاویکردبووەوە «ژمارەیەک لە پیاوانی وڵات بریندارو شەهیدبوون، داوا لە خەڵک دەکەم کە هاوپشتی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکان دەرببرنو بە کۆبوونەوە لە مزگەوتەکاندا، یان بەشداریکردن لە رێپێوانی ئاشتیانەدا».

ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە لانیکەم (١٠) کەس کوژراون لە رێپێوانەکانی ئەمدواییەدا بۆ نارەزایی دەربرین لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن، ئەمەش بە گەورەترین بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەژمار دەکرێت لەکاتی دامەزراندنییەوە لە (١٩٧٩)ەوە تائێستا.

موسەوی لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی هەینی پێشووتردا لە بەرامبەر ئەحمەدی نەژاددا شکستی هێنا، بەڵام دوای راگەیاندنی ئەنجامەکان هەندێک لایەن گومانیان خستە سەر بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد لە هەڵبژاردندا، هەر ئەوەش بووە هۆی رێپێوان بۆ رەتکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن بە درێژایی هەفتەی رابردوو.

ئەو داواکارییەی موسەوی دوای ئەوە هات کە سوپای پاسدارانی ئێران کە لەژێر فەرمانی رێبەری باڵا عەلی خامنەییدایە، رایگەیاندبوو، ئەو سایتانە (سایتی ئینتەرنێتی)و کەسانێک کە تەنگەژە دروستبکەن، رووبەرووی سزای یاسایی دەبنەوە.

لەدوای داخستنی سایتی ریفۆرمیستەکانو گەمارۆدانان لەسەر میدیاکانی دەرەوە، خۆپیشاندەرانی ئێرانی روویانکردووەتە بەکارهێنانی سایتی وەکو (فەیس بوک)و (تویتەر) بۆ پەیوەندیکردنو ئاگادارکردنەوەی دنیای دەرەوە کە دەتوانێت لە رووداوەکانی ئێراندا رۆڵی کاریگەر بگێرێت.

بەهۆی نارەزایی لە دەرەنجامەکان، ئێران رووبەرووی نارەزایی دنیای دەرەوە بووەتەوە، بەڵام یەکێتی ئەورووپا زۆر زیاترو لێبراوانەتر پەیامەکانی خۆی ئاراستەی دەسەڵاتدارێتیی ئێران کرد، لەکاتێکدا کە ئۆباما تەنیا بە وتنی ئەوەی «زۆر بە قوڵی نیگەرانە»، کەمتر پەرژاوەتە سەر مەسەلەکەو بەشێوازێکی زۆر موحافیزەکارانە کاردانەوەی هەبووە، چاودێرانیش پێیانوایە، بۆئەوەی کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک قسەو هەڵوێستی دیپلۆماتیکدا نەیویستووە دڵی ئەحمەدی نەژاد بشکێنێت، لەکاتێکدا کە لە هەوڵی دەرفەتی گفتوگۆی راستەوخۆدایە لەگەڵ ئێران، هەموو دەرفەتەکانو لەوانەش دانوستاندن لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد بە کراوەیی دەهێڵێتەوەو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای بە ئەولەویەتی یەکەم داناوە.

رۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەنووسێت، ئەمریکا لەبەردەم دوریانێکدایە لە هەڵبژاردنی بێدەنگی بۆ نیگەران نەکردنی ئایەتوڵڵا خامنەیی، لەپێناوی گەیشتن بە رێککەوتنێک لەگەڵ ئەوان لەسەر مەسەلەی ئەتۆمیی ئێران یان وەڵامدانەوەی داکۆکیکارانە لە خۆپێشاندەرانی ئێران کە پێچەوانەی ئەوەی یەکەمیانە.

بەرپرسە رەسمییەکانی حکومەتی ئەڵمانیا رایانگەیاندووە «زانیاریی دروستو تەواویان لەبەردەستدایە کە ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا پشتراست دەکەنەوە».

ئاژانسی دەیلی نیوز بڵاویکردەوە ئوڵریچ ویلهێلم، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، رایگەیاندووە، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی زانیاریی تەواوی لەبەردەستدایە کە «ساختەکارییەکان» پشتراست دەکەنەوە، هەروەک داوایکرد «دەنگەکان زۆر بە عادیلانە بژمێررێنەوە». بەبێ ئەوەی ئاماژەیەک بدات ئەڵمانیا چ بەڵگەیەکی لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئێران دەستکەوتووە.

هەروەها لە کۆبوونەوەیەکی رێبەرانی یەکێتی ئەورپادا کە رۆژی پێنجشەممە لە بروکسل بەسترا، مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی ئێران خرایە بەرباسو گفتوگۆکردن.

بروکسل پێشتر داوای لە ئێران کردبوو لێکۆڵینەوەی ورد بۆ هەڵبژاردنەکان بکات، بەڵام تاران لەژێر ناوی رێگاپێنەدان بە دەستێوەردانی دەرەکی لە مەسەلە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتەدا، هەڵوێستەکانی یەکێتی ئەورووپای رەتکردبووەوە.

لە نوێژی هەینیدا رێبەری باڵا عەلی خامنەیی رایگەیاند، ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان باوەرپێکراونو لە جێگای خۆیانن، ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە دەرفەتی پێکهاتن لەسەر ناکۆکییەکانی نێوان موسەویو ئەحمەدی نەژاد نەماوە، خامنەیی جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆی دەخاتە پاڵ ئەحمەدی نەژاد.

## تورکیاو عێراق

# ئاو... کوژاندنەوەو گرگرتنی کێشەکان

رۆژنامە

تورکیا رایگەیاندووە کە لە وەرزی هاویندا رێژەی ئاوی نێردراو بۆ عێراق دوو هێندە دەکات بە بەردانەوەی ئاوی بەنداوەکانی ئەو وڵاتە، ئەمەش دوای سەردانێکی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، تاریق هاشمی دێت بۆ ئەو وڵاتە.

ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس بڵاویکردووەتەوە، تاریق هاشمی لەلایەن سەرۆک وەزیرانی تورکیاوە پەیامی پێگەیشووە کە رێژەی ئاوی نێردراو بۆ عێراق زیادکراوە بە رێژەی نزیکەی دوو هێندە، بریاروایە کە لە مانگەکانی داهاتوودا لەبەر وەرزی هاوین ئەو ئاوە زیاتر بکات. ئەو زیادکردنە دوای ئەوە دێت کە تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، سەردانی تورکیای کردو داوای لە سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە کردبوو کە لەبەر پێویستییەکانی وەرزی هاوین، رێژەی ئاوی عێراق زیادبکەن.

ئەو رێژە ئاوە زیادکراوە دەگاتە پارێزگاکانی باشووری عێراقو بەشێکی زۆری کێشەی ئاوی ئەو ناوچانە چارەسەر دەکات. عێراق بە بەردەوامی داوای لە تورکیا کردووە کە رێژەی ئاوی رووباری دیجلەو فورات کە لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرن، زیادبکات، بۆئەوەی بتوانرێت پێویستییەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئاوی کشتوکاڵی فەراهەم بکرێت.

عێراق دەڵێت دروستکردنی زنجیرە بەنداوێک لەسەر ئەو رووبارانە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، بووەتە هۆی کەمبوونی بەشە ئاوی عێراق بە رێژەیەکی زۆر، بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی کێشەی وشکەساڵیی لەو وڵاتە، کە نزیکەی یەک دەیەیە بەردەوامە. ئەو کێشانەی نێوان عێراقو دراوسێکانی لەکاتێکدا دێن کە بەهۆی شەرەوە عێراق زۆر لاوازبووەو مەیلی زۆری هەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا ئاسایی بکاتەوە.

رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی دەنووسێت: ئەگەرچی ئەمساڵ لە تورکیا بارانی باش باریوە، بەڵام ئەوە هیچ گۆرانێکی لە سیاسەتی پاراستنی ئاو کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە جێبەجیدەکرێتو کاردەکاتە سەر دراوسێکانی وەکو سوریاو عێراق، دروست نەکردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە تودەی زەمانی وتووە «تورکیا گۆرانێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی ئاوی خۆی بەرامبەر عێراقو سوریا ناکاتو ئەوە کێشەکە بە ئاڵۆزیی دەهێڵێتەوە». تورکیاو سوریا رێککەوتنیان هەیە کە تورکیا پێویستی ئاوی سوریا دابین بکات، بەڵام رێککەوتنێکی لەوشێوەیە لەنێوان تورکیاو عێراقدا نییە.

هەروەها رۆژنامەکە دەنووسێت: لە تورکیا لە رێگای راگەیاندنە گشتییەکانەوە داوا لە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە کراوە کە ئاو بە دروستی بەکاربهێنن، لەبەرئەوەی لە چەند ساڵی داهاتوودا تووشی کێشەی کەمئاوی نەبن، ئەوە سەرەرای ئەوەی تورکیا دەڵێت کە لەگەڵ بارانبارینیش رێژەی ئاوی بەنداوەکانی ئەو وڵاتە زیادی نەکردووە.

عێراق، تورکیاو بە رێژەیەکی کەمتریش سوریا بەوە تۆمەتبار دەکات کە بە دروستکردنی بەنداوی زۆر لەسەر ئەو دوو رووبارە، بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی عێراقو زیانگەیاندن بە کەرتی کشتوکاڵی ئەو وڵاتە.

مەسەلەکە بۆ عێراق زۆر هەستیارە، لەبەرئەوەی بەغدا لە هەوڵدایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی ئاسایی بکاتەوە بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا.

ئیبراهیم کایا کە پسپورێکی نێودەوڵەتی بواری ستراتیژی ئاوە، دەڵێت پێویستە عێراقو سوریاو تورکیا لەسەر شێوازی بەکارهێنانی ئاوی ئەو رووبارانە رێکبکەون، بەپێچەوانەوە ئەوان ناتوانن مەسەلەیەکی وا هەستیار چارەسەربکەن.

# هەڵەی دیموکراسیەتو خوێندنەوەیەک!!



رزگار سەعید

ئایا گەل حوکمی خۆی دەکات؟ چۆن حوکمی خۆی دەکات؟ ئەمە ئەو پرسیارە بڵاوو بەردەوامەی رۆژانــەی خەڵکییە، سەرهەڵدانی ئەم دەستەواژەو پرسیارە وەک لەسەرەتاوە هاتووە، بە وەڵامە جۆراوجۆرەکانییەوە تا هەنووکە پێدەچێت چەواشەکارییەکی لەخۆگرتبێت، یان باشتروایە لە شیکارییەکی تایبەتدا بوترێت هەڵخەڵەتاندنێکی دیکەی جەماوەرە لــەڕووی سیاسییەوە، چ لــەڕووی سەرکردەو سەرۆکە براوەکانی هەڵبژاردن تا دەگاتە بناغە سەرەکییەکانی حوکمو دەزگــا یاساییەکانی (دیــارە هەڵمەتو پــرۆژەی بەدیموکراتیزەکردن لە وڵاتە دواکەوتووەکانو لەپێشیانەوە جیهانی سێیەم، مێژوویەکی نوێی هەیە، ئەو گەلانەی پێشتر ئەم سیستمەیان پیادەکردووە بەتایبەت لە سەردەمی نوێی هاوچەرخدا، بە باشترین سیستمیان لەقەڵەمداوە، هەربۆیە دەبینرێت پارتە سیاسییەکان بە عیلمانیو تەنانەت غەیرە عیلمانی، بانگەشەی بۆ دەکەن... ئەوەی لێرەدا باسی لێوەدەکەین دژوەستان یان رەتکردنەوەی تەواو نییە لە چەمکی دیموکراسیەت، بەڵکو خوێندنەوەیەکی جیاوازو وردو رێژەییە بۆ کاتی هەڵبژاردنەکان لەژێر سێبەری ئەم تەوژمەدا).

* دەربارەی ئەوەی ئایا گەل حوکمی خۆی دەکات، لە وەڵامدا دەڵێین: گەل حوکمی خۆی ناکات، چونکە ئەوانەی دەستوورو یاساکانی دەوڵــەت دەنووسنەوە، تەنیا کەسانێکی زۆر کەمن لەڕووی ژمارەوە (دەکرێت پێیان بوترێت نوخبە). حاکمیش لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێرێتو بەپێی وڵاتو کۆمەڵگاکەو نەتەوەکان ناوی جیاوازی بۆ دەدۆزرێتەوەو ناوی تایبەتی لێی دەنێن، وەک (سەرۆک، سەرکردە، میر، پاشا (شانشین)، قراڵ، سوڵتان... هتد)، هەڵە گەورەکە لێرەدایە ئەوەی حوکم دەکات، یان یەکێکە لە دەستەی جێبەجێکار(تنفيذي)، یان خودی دەستەی جێبەجێکارە، ئەمەش کۆمەڵێک کەسی کەم دەگرێتەوە.

ئــەم دەســتــەی جێبەجێکارە کە هــەڵــدەبــژێــردرێــت، لەلایەن کۆمەڵێک کەسی کەمەوە دەستنیشاندەکرێت، یان لەلایەن کەمینەی گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، بەواتایەکی دیکە کاتێک دەوترێت (حوکمی گــەل)، واتە گەل دەستوورو یاساکانی دەنووسێتەوەو بۆی نییە کەسێک بەتەنیا بەوکارە هەستێت.

کاتی حکومەت دامــەزرانــدن یان قــەوارەی سیاسی نوێ دروستکردن یا گۆڕینی پێگەو بناغەی سەرەکی دەوڵەت لەرێی کودەتا (ئینقیلاب)، یان شۆڕشی جەماوەریی یان نەمانی پاشایەتیو گۆڕینی سیستم بە کۆماریی یان هەر کارێکی دیکە، سەرەتا ئەو کەسانەی بەو کاری گۆڕانە هەڵدەستن، هــەوڵــدەدەن یاساناسانو یاسادانەران بــدۆزنــەوە تا یارمەتیان بدەنو پشتیان پێببەستن بۆ ئاسانکاریی کارەکانیان لە دانــانو نووسینەوەی دەستوورو یاسای نوێی وڵات، هەندێکجار بۆ دەوڵەمەندکردنی دەستوورەکەش پەنا دەبەن بۆ دەستووری وڵاتانی دیکە، تا لەوێوە سوودمەندتربن لێیو گۆڕانی دیکەی تێدا ئەنجام بدەن (ئەم پرۆسەیە بەئاشکرا لەدوای نەمانو گۆڕینی رژێمی سەدام لە عێراقدا بینرا). دوای تەواوبوون ئــەم دەســتــوورە جێبەجێدەکرێتو جێگیردەکرێت، بەبێ ئــەوەی جارێکی دیکە بۆ گۆڕینی بەندەکانی بگەڕێنەوە بۆ لای خەڵکیو جەماوەر، ئەگەر بیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ لای خەڵک تا ئاڵوگۆڕی تێدابکەن، بێگومان ناتوانن، چونکە کارێکی ئەستەمە، لەبەرئەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی شــارەزای یاساو دانانی بەندە یاساییەکانی نییە، بۆیە لێرەدا دەدرێتە ئەنجومەنی نوێنەران. کەواتە حوکمی گەل وەک باسمانکرد لەسەرەوە هیچ بوونێکی واقیعی لە دەستووردانانەدا نییە، رێکخستنی شێوەی دەوڵەتو دەسەڵاتی لێپرسراوانو دەسەڵاتی دەزگاکانی دەوڵەت، ئەمانە بە تێکرا ئیشی کەسانی تایبەتمەندنو خەڵکی ئاسایی کە زۆرینەیە، ئەمانە وەلا دەنێت.

نووسینەوەو دانانی بڕیار دەستەیەکن لەناو (کۆنگرێس، پەرلەمان، ئەنجومەنی نــوێــنــەران، ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی پــیــران... تــاد، ئــەم ناوانە بەپێی وڵاتو ناوچە ناوی جودا جودای لێدەنرێت)، ئەم دەستە هەڵبژێردراوەی گەل هەڵدەستن بە دانانو نووسینەوەی یاساکان، کەواتە ئەندامەکانی پەرلەمان نوێنەرایەتی هەموو گەل ناکەن، وەلێ هەڵگری ژمارەیەکی کەمی ناو جەماوەرن، کاتێکیش دێنە نــاو ئــەو دەستەیەوە، تەنیا لەڕێی تەزکیەیەکی پێشوەختەوە کە پێشتر ئامادەو ئەنجامدراوە، دێنو لەڕێی هەڵبژاردنێکی ئــازادکــراوەوە بردوویانەتەوە. کاتێک سیان یان زیاتر لەسەر کورسییەک پێشبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کورسی، ئەوە براوەکە نوێنەرایەتی کەمترین دائیرەی هەڵبژاردن دەکات، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار:

**• هۆکاری یەکەم:**

خەمساردییو دواکەوتوویی رێژەیەکی زۆری دەنگدەران کە رێژەکە دەگاتە ٤٠٪، ئەوەی دەمێنێتەوە دابەشدەبێت بەسەر رکابەراکانی دیکەدا، بەشێوەیەکی روونتر لەو ٦٠٪ی ماوەتەوە دابەشدەبێت بەسەر پارتەکاندا، ئــەوەی دەیباتەوە نزیکەی ٢٠٪ی بەردەکەوێت، ئەمەش نوێنەرایەتی رێژەیەکی کەمینە دەکات.

**• هۆکاری دووەم:**

نــوێــنــەران (مــەبــەســت لەوگروپە نوخبەیەیە کە هەڵدەستن بە نووسینەوەو دانانی یاساکان)، لەلایەن جەماوەرەوە هەڵنابژێردرێن، چونکە جەماوەر توانای دانــانــی یــاســاو نــووســیــنــەوەی برگە یاساییەکانی نییە، یان تێیاندا نادۆزرێتەوە لە دانانی یاسا تێبگات تەنیا رێژەیەکی کەم نەبێت، ئەو رێژە کەمە هەڵدەستن بە دانانی لیژنەیەکی یاسایی بە پرۆژەکردنی یــاســاکــان، جگە لــەوەی هــەنــدێــک لە نوێنەرانیش نازانن یان بەتەواوی لە دانانی یاساکان شارەزانین، بۆیە لە ئەنجامدا دەدرێتە هەموو دەستەی یاسادانان تا بڕیاری لەسەر بــدەن، سەرئەنجام کە بڕیاریشیان لەسەردا، ئەوکاتە دەڵێن ئەوە بڕیاری گەلە!! بەڵام ئایا راستە ئەمە بڕیاری گەل بێت؟!

دەربــــارەی ئــــەوەی گــەل حوکمی خــۆی دەکـــات، دەردەکـــەوێـــت ئــەم دەستەواژەیە چەندە دوورە لە واقیعو راستییەوە، دەربــارەی ئــەوەی گەلیش حاکم (سەرۆک)ەکەی هەڵدەبژێرێت، بە هەمانشێوە وەک دەستەواژەکەی سەرەوە وایە.

بۆ ئاسانکردنو شیکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەڵێین:

ئــەگــەر گــەلــی کــورد لــە هــەرێــمی کوردستان (٥) ملیۆن کەس بێت (هەرچەندە ئامارێکی تەواونییە تائێستا بیسەلمێنێت ژمارەکە چەندە، هەموو ئەو ئامارانەی هەیە بە رێــژەی نزیکەییو بۆچوونە لە (٣،٥) دەستپێدەکات بۆ (٦) ملیۆن، بەڵام ئێمە تەنیا ناوەڕاستەکەی وەردەگرین بۆ روونکردنەوەی باسەکەمان)، ئەو رێژەیەی دێت بۆ هەڵبژاردن ٢٥٪ی دانیشتووان تێناپەڕێت، واتە رێژەی دەنگدەران تەنیا (١،٢٥) ملیۆن دەنگدەرە.

ئایا لەو ملیۆنو چارەکە چەندی دێت بۆ دەنگدان؟ وای دادەنێین پەککەوتەو پیرو بێتواناکان ناتوانن بێن بۆ دەنگدان، ئەگەر لێرەدا رێژەیەکی زۆرینە دابنێین لە دەنگدەران بەپێی وڵاتە پێشکەوتووەکانو ئاسانکاریی بکرێت بۆ هێنانی دەنگدەریش، ئەوە رێژەکە ناگاتە ٨٠٪، واتە (٨٠٠،٠٠٠) هەزار دەنگدەر.

ئەگەر ژمــارەی ئەوانەی پێشبڕکێ دەکەن لەسەر کورسی سەرۆکایەتی، چوار کەس (یان زیاتر) بن، ئەم چوار کەسە هەریەکەیان چاوەڕێی ئەوە بکەن زۆرترین دەنگ بچنەوە، گریمان یەکێکیان زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا، واتە (٤٠٠،٠٠٠) دەنگی چنیەوە، ئەوکاتە چوارسەد هەزارەکەی دیکە دابەشی سێ کەسە پاڵێوراوەکەی دیکە دەبێت، بەوشێوەیە سەرۆکی براوە دەتوانێت هەستێت بە دەستنیشانکردنی دەستەی جێبەجێکار تا یارمەتی بدەن لە جێبەجێکردنی یاساکان بەسەر کۆمەڵگادا.

لــێــرەدا ســەرۆکــی بــراوە تەنیا توانیویەتی دەنگی (٤٠٠،٠٠٠) هەزار دەنگدەر بەدەستبهێنێت، بە واتایەکی دیکە (٤٠٠،٠٠٠) هەزار دەنگدەری دیکە بەرهەڵستکارن (دژن)، جگە لەو چارەکە ملیۆنەی دیکە کە دەنگیان نەداوە، ئیدی ئەم سەرۆکە دەسەڵاتەکەی دەچەسپێت بەسەر ئەو (٥) ملیۆنەدا!.

ئەو پرسیارەی دێتە گۆڕێ ئەوەیە، ئایا ئەم پرۆسەیە حوکمی زۆرینەیە؟! یان حوکمی کەمینەیە؟! پێدەچێت پرۆسەی دیموکراسی کە پێی دەڵێن گەل حوکمی خۆی دەکاتو حوکمی زۆرینەیە، هەر لە ئەزەلەوە درۆیەکی شاخداربێت. وەک دەردەکەوێت ئەم حوکمە حوکمی کەمینەیە بەسەر زۆرینەدا، چ لەڕووی هەڵبژاردنی سەرۆک تا نووسینەوەو دانانی یاساو جێبەجێکردنیان، بۆیە باشترە بوترێت لە سیستمی دیموکراسیدا نە سەرۆک بەو رێژە تەواوە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، نە یاساو رێساکان لــەلایــەن گەلەوە دەنووسرێتەوە بەپێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت.

* (الديمقراطية والحرية) حافظ صالح

# مانا کلتوورییەکانی میدیا

لاوک سەلاح

ئایا پەیامو کاری میدیا تەنیا راپۆرت نووسینە لەسەر هەواڵەکانو رووداوەکان، یان خوڵقاندنی رای گشتییە لەسەر بنەمای راستگۆییو مافی رەوا بۆ بڕیاردان لەسەر رەهەندی ئەو رووداوانــە، ئەگەر هەموو کۆکبین لەسەر ئەوەی وەڵامی دروســـت دووەمـــە، کــەواتــە ئــەم کارە چۆن ئەنجامدەدرێت؟ رەنگە میدیا بۆ کۆمەڵگای خۆرئاوا بەهۆی گۆڕانکارییە خێرابیەکانیو داهێنانەکانی تەکنەلۆژیاوە، وەک پێویستییەک بۆ رێکخستنی کۆمەڵگاو بازار هاتبێتە ئــاراوە. میدیا دیاردەیەک نییە کۆمەڵگا پێی ئاشنا نەبێت، بۆ نموونە هەفتانە رۆژنامەکانی لەندەن هەڵدەرەوە بەتایبەتی گاردیان، ژمارەی ئەو کارانەی لەبواری میدیادا هەن، زۆرترن لەبوارەکانی دیکە، لەو هۆکارانەش گرنگتر ئەوەیە میدیا لە خۆرئاوادا جۆرە فریادرەسێک بووە بۆ قوتارکردنی مرۆڤی خۆرئاوا لە تەنیاییو پێکەوەبەستنی کەس بە کۆمەڵگاوە.

ئاشکرایە هەر ئەجێنداو بەرنامەیەکی ســیــاســی، ئــەگــەر هــاوشــان لــەگــەڵ ستراتیژیەتێکی تۆکمەو بەشێوەیەکی هارمۆنی هەنگاونەنێت، شکست دەخوات. ئەمە وانەیەکی مێژوویی حاشاهەڵنەگرە، تەنانەت بۆ سەرکەوتنی کارەکانی هەر پەرلەمانێک پێویستیت بە خەڵکی کارامە هەیە، تا پەیامەکەت بە راستی بگەیەنێتە خەڵکو چەندان کەناڵی بەردەوام لەگەڵ هاوڵاتیدا بهێنێتە ئاراوە. لەڕاستیدا هێزی هەر بەرنامەیەک یان ستراتیژیەتێک یان یاسایەک لە بونیاتی کلتووری ئەو میللەتەدایە، بەو مانایەی کە دواجــار کلتووری تایبەتی ئەو میللەتەیە ئەو یاسایانەیان سەردەخاتو بەرجەستە دەکــات یاخود شکستیان پێدەهێنێت. لێکۆڵینەوە کلتوورییە هاوچەرخەکان ئاماژە بەوەدەدەن، کلتوور بنەماو بونیادی دونیایە نەوەک سروشتو یەزدان، ئەم قسەیە وەک ئاگابوونەوەیەکە بۆ بایەخی کلتوور لە دەستنیشانکردنی دەردەکانی هەر کۆمەڵگایەک.

**ئەوەی لە میدیای حیزبیدا بەرجەستە بووەو پەڕیوەتە ناو میدیای حکومەت، ئەو کلتوورە پارێزگارانەیە کە میدیا بۆ خۆی بەکاردەهێنێتو مۆنۆپۆلی دەکات، ئەوجۆرە میدیایە یارمەتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگاو هێنانەکایەی کلتوورێکی نوێ نادات**

ساڵێک لەمەوبەر لە کوردستان بوومو لەگەڵ رێکخراوێکی بیانی کارم دەکــرد، ئــەوەی بەداخەوە تێبینیم کرد، هــەرە زۆری ئۆفیسەکانی راگەیاندنی حکومەت تارادەیەکی زۆر ئیفلیجکراون، بە هیچ جۆرێک بەشدارنین لە پلاندانانو دەوڵەمەندکردنی بەڕێوەبەرێتییەکان بە شیکردنەوەو راڤــەکــردنو دانانی رێوشوێنی گونجاوو رێنمایی دروست. تەنانەت پەرلەمانیش بەهەمان دەردەوە دەیناڵاند، کاری میدیاو راگەیاندن تەنیا مەوعیدوەرگرتن نییە بۆ بەرپرسەکان! یان کۆکردنەوەی کۆمەڵە ئامارێکی بێ رۆح نییە، یاخود کەم لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی راگەیاندن مــافو دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو یەک لێدوان لەسەر کارەکانیان بۆ رۆژنامەکان بدەن، کاری ئەو دەزگایانە پرد دروستکردنە لەگەڵ هاوڵاتییاندا، هاندانی هاوڵاتییانە بۆئەوەی بەشداری بڕیارەکانی حکومەت بکەن، گەندەڵی دەستنیشان بکەنو کــارە چەوتەکان بخەنەوە سەر رێی راست. من گومانم نییە هێشتا سندوقی شکاتو سکاڵا هەر هەمان ئەو تۆزەی ئەوسای لەسەر نیشتووە کە چاوم چووە سەری، نە هاوڵاتی دەچێت بەلایداو متمانەی پێدەکات، نە کەسی بەرپرس دەوێرێت دەستی بۆ بەرێت! تەنانەت ناوێرن ناوی لێبنێن سندوقی شکات، بەداخەوە لەوێ وابوو.

ئەوەی لە میدیای حیزبیدا بەرجەستە بووەو پەڕیوەتە ناو میدیای حکومەت، ئەو کلتوورە پارێزگارانەیە کە میدیا بۆ خۆی بەکاردەهێنێتو مۆنۆپۆلی دەکات، ئەو جۆرە میدیایە یارمەتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگاو هێنانەکایەی کلتوورێکی نوێ نادات، ئەوە ئەو میدیایە نییە کە یارمەتی ناساندنی کێشە رەواکەمان دەدات! ئەوە مێژووی کلتوورێکی سیاسی تایبەتە کە خۆی بەسەر میدیادا دەسەپێنێتو پانتاییەکانی میدیا بۆخۆی زەوتدەکات، میدیا لــەم دۆخـــەدا قوربانییە، بە چی دەچێت ئەو هەموو ئاسانکارییو پارەو تەکنەلۆژیایەت لەبەردەستدا بێت، بەڵام لە زەمەنێکی چەقیودا کاربکەیت، هەر هەموو ئەو داراییەی کە ئەمرۆ هەیانە، بە رەچاوکردنی زەمەنو قۆناغ، توانای ئەو رادیۆ شڕەی جارانی نییە کە خەڵکی هانی شۆڕش دەدات، ئەمە باشترین بەڵگەیە کە میدیای حیزب توانای بە رەواکردنی کێشەکانی نەماوەو خوێندنەوەو دیدی هەڵەی بۆ دونیای سیاسەتو دەوروبەر هەیە.

لە بەرامبەر ئەودا، میدیای ئازاد هەر هیچی نەکردبێت، بە درێژایی ئەو مێژووە کورتەی توانی مرۆڤی کورد رووبەڕووی خــۆی بــکــاتــەوە، نـــەوەک هـــەر خــراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئاشکراکردووە تا ئەو مەودایەی کە توانیویەتی، بەڵکو شێوەیەکی دیکەی لە بەکارهێنانی میدیای جیاواز لەوان سەلماندووە بە داراییەکی زۆر کەمەوە، بەڵام بە دیدێکی جیاوازەوە کلتوورو بیرکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی لە میدیادا هێناوەتە ئاراوە. ئەوە میدیای ئازاد بوو کە مرۆڤی کوردی بە پەیامێکی دیکە ناساند، میدیای ئازاد لەو پانتاییە کورتەی کە هەیە ئەو شتانەی وتووە کە میدیای حیزبی نەوەک نایڵێت، بەڵکو بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەوە یەک بەردی لەسەر دادەنێت. میدیای حیزبی جورئەتی بڵاوکردنەوەی یەک بەڵگەنامەی نییە بۆئەوەی خۆی لەبەردەم هاوڵاتیدا دادگایی بکاتو دان بەو راستییەدا بنێت، کە جۆرێک لە کلتووری سیاسی هەبووە دەبێت هەوڵی گۆڕانکاریی بدرێت، ئەوان نەوەک هەوڵی گۆڕانکاریی نادەن، بەڵکو ململانێکان درێژدەکەنەوە بۆئەوەی تەمەنی نەوەکانی ئایندەش داگیربکەن.

www.nefel.com

# بەراورد



ئاوات شێخ جەناب

سەرۆک ئەو وشە سیحراوییەیە، بەبێ ئەو، ئەو مەبەستەی بۆی بەکاردێت، واتە ئەرکە یا ئامانج یا بەرپرسیارێتی، بە مانای جیاواز جیاواز لێکدەدرێتەوە. لای هەندێک خەوێکی سەرمەدییە، هەر هاتەدی ئیدی تەواوبوونی بۆ نییە بۆ کۆمەڵێکی تریش، ئەرکێکی نیشتمانی یا نەتەوەییە، بۆ بەدیهێنانی هەندێک ئامانجو پرەنسیپ جا چ نەتەوەییو نیشتمانی بێت، یا کۆمەڵایەتیو ئابووری، لای برێکی دیکەش بەرپرسیارێتییەکی مێژوویيە بە کۆتاییهاتنی قۆناغ تەواو دەبێت.

ئێستا ئێمەش لە سەروبەندی هەڵبژاردنداینو ئەم کارە واتە ئەم پرۆسەیە، سەرئەنجام دیاریکردنی سەرۆکی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێموایە گەڕانەوە بۆ مێژوو بۆ بەراوردکردنو دەستنیشانکردن کردنی مۆدێلێکی سەرکەوتووی تاقیکراوەی سەرۆک، کارێکی نەک تەنیا بەسوودە، بەڵکو پێویستیشە.

(ستالینوچەرچڵوئەیزنهاوەر)سەرۆکی (سۆڤیەتو ئینگلستانو ئەمریکا) بوون لە جەنگی دووەمی جیهانییدا سەرکردایەتی هەموو هێزەکانی هاوپەیمانانیان دەکرد، گەورەترین سەرکەوتنیان بۆ گەلەکانیانو بۆ مرۆڤایەتی تۆمارکردو فاشیەتیان رووخاند، کە ئەستەمە جارێکی دیکە دووبارە بێتەوە.

ئەیزنهاوەرو چەرچڵ ئامادەو رازیبوون بە دیموکراسیەتو هەڵبژاردن. بە ئاشتی لە کورسی بێنە خوارێ... ئێستا وڵاتیان ئاوەدانو پێشکەوتوو گەلیشیان ئاوێزانی بەختەوەرییەو ناویان لە مێژوودا بە پیتی ئاڵتون نووسراوەو لە دڵی گەلدا تۆمارە...

بە پێچەوانەی ستالین تەخت پەرستی هەڵگری داسو چەکوش، دانەبەزی، سەرئەنجام وڵاتە رووتو قوتو برسییو گەندەڵەکەی هەڵوەشاو خۆشی بووە خراپترین نموونەی دیکتاتۆریو گەندەڵیو هاوڕێ کوژو ئەو سەرکەوتنە مەزنەش دادی نەداو ئێسکو پروسکی پاش چەندین ساڵ لە قەبر دەرهێنراو فڕێدرا.

لە وڵاتانی پێشکەوتووی پڕ دادو یاسا، هەر سەرۆکێک هاتو رۆیی لەگەڵ خۆیدا هیچ لە مولکو ماڵی گشتی، تەنانەت دیارییەکانیش نابا، لەلای ئێمەی خۆرهەڵاتی خاوەنی کۆنترین ژیان، کاریزمای سەرووی یاسا، هەرچی لەسەر زەمینو بن خاکە، بە ئاوو هەواو خەڵکەوە، هەروەک سەدام، هی سەرۆکە.

لەو وڵاتە دووانەی دەوریان بە ئۆقیانووس گیراوە، سەرۆکیان هەندێکجار باڵا بەرز، جارجار کورتە، گاە سپیو سوورو چاوشین گاهێ قژ لولوو ئەسمەرە یا رەش پێستە، بەڵام لای ئێمەی ئاسیاوی، ئەندازەی سەرۆکی ئێمە، جێگیر... نەگۆڕ... ستاندارده؟!

خزمو کەسی ئەو سەرۆکە تەمەن کورتانەی ئەوێ، ئەگەر بۆ بۆنەو ئەتەکێت نەبێت، لەسەر شانۆی دەسەڵاتدا، دەرناکەون، هیچکارە نین، کەچی ئەوانەی لای خۆمان، ئەگەر کوڕی بێت دەسەڵاتی هێندەی دەسەڵاتی باوکێتیو خانووی یەکەمیش هاوتەریبی سەر وەزیرە؟!

سەرۆکەکانی لای ئەوان، زەندەقیان لە میدیا چووە، خوا خوایانە، بە هیچ عەیبێکیان نەزانێتو گەلیان لێ راست نەکاتەوە، نەک بتۆرێن... بەڵام لای ئاسیاییەکانی وەک خۆمان، دەبێت میدیا کەڕو کوێر بێتو رۆژنامەنووس دەم نوقاوو دەم بەستوو بێت. گەلیش نووستوو... گەلی خەوتوو هی خۆیەتی هی سەرۆکە ئەی هی کێیە؟!

سوڵتانەکانی عوسمانلی، دایان نابوو سێبەری خوان لەسەر زەوی هۆشو گۆشیان هەر بۆ باجو خەراجو کەنیزەکو چاویان لە خۆشی تەختو لە سەرفکردنی بودجە بوو... گەندەڵی هەروەک خۆرە سەرەپای مەملەکەتی گرتەوە، تەختو بەختیش داڕزان... وەک حەماٶکی منداڵان رووخانو بوون بە ئاردی ناو دڕک... بوون بە لێ بووک.

کەچی هەر لەم ئاسیایەی ئێمە، ئاسیای دوور، ئیمپراتۆرەکەی ژاپۆن دوای زانینی هەڵەو هەستکردن بە شکستو دۆڕانی جەنگ بڕیاری دایەوە دەست پەرلەمانو نوێنەری گەل، خۆیان خاوەنی بیرو هۆشو دەستوور هەر لە لای خۆیان بێت... ئەو خاکە بێ خێرو بێرو بێ بڕستە، گۆڕا بە کارگەیەکی ناو گەمێ...و ئێستا دووەم دەوڵەتی دەوڵەمەندی دنیایە.

دەسا ئەی هۆز، ئەی گەلەکەم ئەی هاونیشتمانانی ئەم خاکە.. بەراوردکەن.. هەڵبژێرن لەنێوان دەوڵەتی ئەو سەرۆکە تەمەن کورتانەی تەمەنیان دەورەیەک یان دوو دەورەو وڵاتیان پڕ خێرو بێرو ئاوەدانو چراخانو بەختەوەرە، لەگەڵ ئەو مەملەکەتە کاولەیەی سەرۆکیان تەمەنیان درێژە ئێجگار درێژ... هەرکە هاتە سەر کورسی... تاکو قەبرە!

# هەڵبژاردن...
# سەربەخۆیی ڕێکخراوە پیشەییەکان لە ئەجێندای سیاسیدا



هیوا دۆمان

بوونی ئازادیی مانای نەبوونی سانسۆرو خۆسەپاندنی هیچ کەسو لایەنێک بەسەر ئیرادەو زیهنی توانایی تاکەکان رادەگەیەنێت، بەڵام ئازادییەک روو لە بێبەهابوونی مرۆڤانەنا، ئەی ئەگەر ئەو ئازادییو بوونی تواناییەی لەناو ڕێکخراوو سەندیکا پیشەییو هونەرییەکاندا قۆرخ بکرێتو تووشی تاسانو خنکاندنی بکەن، هێمای بوونی ڕێکخراوی سەربەخۆو ئازادیی مانای چییە؟ (لیستی کوردستانی لیستی هەردوو پارتی سەرەکییەو بەڕێز مەسعود بارزانیش کاندیدی لیستی کوردستانییە، گشت هەڤاڵانی یەکێتیش لە گشت ئۆرگانەکان دەبێت پابەندی خۆیان بە ڕێکەوتنی ستراتیژی دووپات بکەنەوە) (مەلا بەختیار ٦/١٠) ئەمە زەنگێکی ترسناکو تۆقاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتارییە لەڕووی بانگەشەی ئازادییو سەربەستیبوونی فەرامۆشدەکرێت، ئەم ئاگادارکردنەوەیە ئەگەر لەنێو ئۆرگانەکانی حیزبدا پەیڕەو بکرێت رەنگە مانای سەرنجو تێبینی نەبێت، بەڵام ئەستەمە دەستەمۆبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆیی پیشەی لە دەرەوەی حیزبدا بانگەشەی سەربەخۆییو بێلایەنی حیزبی پەیڕەو بکات، بەڵام بە دیوێکی دیکەدا ڕێگا بدات قۆرغکردنی ئازادییو ئامادەبوونی ئەندامانی لەلایەن حیزبێکەوە پەیڕەو بکرێت، هەڵوێستی من لە بوونی یەکێتی هونەرمەندانو نووسەرانی کورد، وەک دوو ڕێکخراوی سەربەخۆ لە شاخو لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیو هاوشانو هاوڕای کوڵلەمەرگی هێزی پێشمەرگەوجەماوەری گوندنشینی ناوچەکەبوون، هەرچەندە هێزی سیاسی بۆ دابینکردنی هەندێک لە پێداویستییەکانی فەرامۆشی نەدەکردن، بەڵام ئەمە ئەوەی نەدەگەیاند ئازادیی ئەفراندنەکانیان قۆرخ بکرێت، بەڵام تۆ بڵێیت سیستمی دەسەڵاتی سیاسی لەپاش سەرکەوتنی یان گۆڕینی هەلومەرجێکی ناوچەیو جیهانی هۆکاری گۆڕانی هاوسەنگیبوونی دەسەڵات بنو ئامانجەکانی رابردوویان بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببەن، بەوشێوەیەی ئێستا مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەگوێی ڕێکخراوەکانیدا دەدات، کاتێک (هەرەس) لە شاخو لەناوجەرگەی بەرەنگاربوونەوەدا چاپکرا زۆر هەوڵی خنکاندنی درا، بەڵام بێهودەبوون، بەڵام ئێستاو لەم دنیای پێشکەوتنو رۆشنبیری شارداو لێکگەیشتن لەنێوان هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی کوردستانی باشوردا بتوانرێت سەپاندنی بیروڕای تاکرەوی بسەپێنرێتو پابەندبوونی خۆیانی بۆ پیشان بدەن، ئەمە دیموکراسیبوونی کوردستانو دەربڕینی رای هەمەجۆرەیە، کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پەیڕەوی دەکەن، ڕێکخراوی هونەرمەندان ئەگەر لە کۆبوونەوەی بەرپرسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا ئامادەبووبێت دەبێت چۆن ئەو حەقەی بەخۆی دابێت، کە ئەویش راسپاردەو بەڵێنەکانی لەلای ئەندامانی ڕێکخراوەکەی باسبکاتو کۆدەنگییەک بۆ ئەو داواکارییە بهێنێتەدیو ناخو خواستی هونەرمەندانی بهەژێنێت.

دەڵێم رەنگە حەقی ئەو لایەنەبێت کە ئەم داواکارییەی خستووەتە بەردەم هەموو ڕێکخراوو سەندیکاو کۆمەڵە پیشەییەکان، چونکە بە دڵنیاییەوە بۆ هەموو یادو بۆنەیەکی ڕێکخراوەیی یان کاری هونەری دەچین، وەک سواڵکەرو لەبەر دەرگای ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا دەست پان دەکەینەوە تا خێرێکمان پێبکەنو کارە هونەرییەکانمان تووشی شکستو ئەندامانمان بەدەستی بەتاڵ نەچنەدواوە، لە وڵاتێکدا دەسەڵاتی یاساو حکومەت باڵادەست نەبێتو دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ ئەو ڕێکخراوانە دابین نەکرێت ئایندەمان هەر دەست پانکردنەوە دەبێت، رەنگە زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان شارەزایی ئەوەیان هەبێت.

لە دنیای دەرەوەدا کاری ڕێکخراوو تیپەهونەرییەکان چۆنو لەسەر چ سستمێک کاری خۆیان ئەنجامدەدەن، تۆ بڵێیت لای ئەوانیش هەر چاوەڕوانی دەستی حیزب بکەن، هاوکاری کارەهونەرییەکان لەسەر بودجەی حیزبی بکەنو لەکاتی هەڵبژاردنیشدا گوێیان رابکێشن تا داوا لە ئەندامانیان بکەن دەنگبدەن بە قەوارەکەی ئەوان یان لای ئەوان سستمی یاداشتو بەرنامەوکاری هونەری ساڵانە دەبێتو هەر ڕێکخراوێک ئەگەر شەرعیەتی بوونی هەبێت دەبێت کارو چالاکییە هونەرییەکانی بخاتە بەردەم دەسەڵاتی حکومەت بە هەموو پێداویستییەکی مادییەوە تا دەسەڵاتیش بۆی دابین بکات یان ئەو ڕێکخراوانە چەندین هۆکاری بەدەستهێنانو داهاتی تایبەتیان هەیە تا لەکاتی پێویستدا بۆشاییەکانیانی پێ پڕبکەنەوە، نەک دەست پان بکەنەوە لەحیزبەکان، ئەی ئەگەر هاتوو ئەو حیزبەی ئەو داواکارییەی لێکردوونو دەنگی مەبەستی نەهێناو تووشی شکست هات لە هەڵبژاردندا، دەبێت ئەو ڕێکخراوانەی بەڵێنیان پێدابوون لەدوای شکست بە چ ڕوویەکەوە بچنەوە بەر دەرگایانو داوای هاوکاریان لێبکەن. ڕێکخراوی هونەرمەندان خۆی بە ڕێکخراوێکی فرەمینبەرو فرەبۆچوون دەزانێت، لای ئەندامەکانی بانگەشەی بێلایەنی لە حیزبیبوون رادەگەیەنێت هەموو کارێکیشی بە هاوکاریی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بەئەنجام دەبات، رەنگە لە هەولێریش بە هاوکاریی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بێت، دەبێت دەسەڵاتی یاساو حکومەت لەکوێدا خۆی ببینێتەوە، تا بودجەکەی وەزارەتی رۆشنبیری دیاربێت کە ئەو لایەنێکی سەرەکییە لە ڕێکخستنی کارو چالاکی هونەرییو رۆشنبیریی، بەڵام وادیارە فرەمینبەرو فرەبۆچوونەکان بچووکنو ناتوانن لە دەریای تاکڕەویدا مەلەبکەن، چونکە تووشی قوتدانیان دەکەن، بچووکەکان ئەگەر هەڵگری بیروڕای حیزبەکانی دیکەی دەرەوەی هەردوو دەسەڵاتە زلهێزەکە بن ئەوا حیزبەکانیان کەم دەسەڵاتوداهاتیان دیارییە بۆیە بێدەنگی خۆیان پاراستووەو دەستیان بەپشتێنی گەورەکانەوە گرتووە تا جێگایان پێ لێژ نەبێتو کورسی دەسەڵاتیان لە ژێردا دەرنەهێنن. هونەرێک لە دێر زەمانەوە تا ئەم سەدەیە لە گۆڕانە مێژووییەکانی خۆیداو ستایلە هەمەجۆرەکاندا تەنیا خۆی سەرپشکەلە بڕیارەکانیو ئەنجامی داهێنانەکانی دەخاتە بەردەم بینەرو هیچ کەسەو لایەنو قەوارەیەک ناتوانێت بڕیار لەسەر زاتی هونەرمەند بدات تەنانەت ئەو ڕێکخراوە هونەرییەشی کە کارە ئیدارییەکانی بۆ ئاسانکاری دەکات، هەمیشەش ڕێکخراوی هونەری لەدووی هونەرمەند رادەکات تا ڕێکخراوەکەی قبوڵ بکات، بەڵام چونکە هونەر لای ئێمە نەبووەتە خواستێک لە زاتی ئەوانەی کاری هونەری ئەنجامدەدەنو خۆمانمان بۆ تەرخان نەکردووە، تەنیا لەڕووی بژێویی ژیانەوە بە ڕوویەکی دیکەدا سوودمان لێوەرگرتووە، ئەمەش هۆکاری خۆهەڵواسینی ئێمەیە بەو ڕێکخراوانەدا تا لە ڕێگای دەسەڵاتە ئیدار بییەکەی ئەوانەوە ئێمەش سوودمەندبین، ئەمە راستییەکەو بۆ بەرچاوڕوونی، (ئەو پڕوپاگەندانەی کە دەکرێن ناتوانن هاوکێشەی سیاسیو ئاراستەی مێژوو بگۆڕن) مەلا بەختیار (٢٠٠٩/٦/١٠).

بانگکردنی سکرتێرو دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان لەلایەن مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانو ئاگادارکردنەوەیان لە هەڵسوکەوتی ئەندامانیانو ئاگادارکردنەوەیان لە چۆنێتی دەنگدانو دەنگیش بە چ قەوارەیەکی سیاسی دەدەن، چونکە ئێمە وەک مەکتەبی ڕێکخراوەکان ئەو حەقە بەخۆمان دەدەین کە جگە لە لیستی کوردستانی بۆ هیچ ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوانە نییە دەنگ بە ئازادیی بدەن، چونکە ئێمە خاوەنی ئیرادەو بۆچوونی ئێوەین، بەڕاستی ئەگەر ئازادییەکانو مافەکانی دیموکراتی لە کوردستانو لەلای مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانو ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی سەر بە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان، بەم مەرجە پێشوەخت بێت، مانای بەرقەراربوونی دیموکراتیو مافی تاک روو لە گەشەسەندنو جێگیربوون دەبن، ئەوان کە هێندە خەمخۆری هونەرو داهێنانی هونەرین لە شارەکەماندا، چەند گەلەریو مۆزەی هونەری هەیە تا هونەرمەندان لە کێشەی نەبوونی گەلەری رزگاریان بێتو بۆ چەند ساتێک ئارامبوبن، لە تەماشاکردنو هەڵواسینی تابلۆکاندا زیهنی وەرگرو هونەرمەندان بۆ چەند چرکەیەک لەگەڵ رازی بیرۆکەو ئێستای تابلۆکاندا ئاوێتە بنو ئاوێتەی رازی خودی خۆیانو نهێنییە شاراوەکانی ناخی هونەرمەند. ئەگەر ڕێکخراوە دیموکراتییەکانو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هێندە خەمخۆری دەوڵەمەندکردنی هونەری کوردینو خۆیان بە بەشێکی دەزانن خۆ ئاگاداری بناغەدارشتنی مۆزەخانە نوێیەکەی سلێمانی چۆنێتی کارکردنی بوون؟ ئەگەر خۆشیان لە نزیکەوە ئاگادارنەبوون وەک پاساو هێنانەوە ئەوا ئەو ڕێکخراوە هونەرییەی کە ئێستاو لەم ساتەوەختی بانگەشەی هەڵبژاردندا داواکاری لێیان هەیە دەیانتوانی ئاگاداری کارکردنەکە ببوونایە، شەرمێکی گەورەبوو بۆ دەسەڵاتو حکومەتەکە ڕێکخراوە دیموکراتیو جەماوەرییەکان پێکیهیناو کە سیمبولێکی سیمای بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی خۆمان بەرووی جیهانی دەرەوەدا دەدەین، بەڵام تەنیا ئەو سیمایە هەندێک گۆشەی دیاری ژیانی گرتووەتەوەو لە رووکەشی دەرەوەدا، لە ماوەی ١٨ ساڵی دەسەڵاتی کوردیدا چەند هەوڵی پەیوەندییە هونەرییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیڕەوکراوە؟ لەو هەموو کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی لە سلێمانیو هەولێردا بۆ بازرگانیو کاری هەمەجۆرە؟ بە دیوێکی دیکەدا چەندیش بۆ هونەر هاوشێوەیان کراون؟ لە کار ئاسانکردن بۆ بە بازاڕکردنی کوردستان لەهێنانی ئۆتومبێلی هەمەجۆرەو مودێل بەرزی جیهانیو ساغکردنەوەی لەکوردستاندا؟

چەندیش هاوشانی ئەو کراوە بۆ ئاڵوگۆڕی هونەریی؟ لەو هەموو ناردنە دەرەوەی کارمەندی حکومەت بۆ دەرەوەی وڵات بینینی دنیای نوێو ئاشنابوون بەتەکنەلۆژیای نوێو سستمی کارکردنی. چەندیش ئاور لەلایەنی هونەریی دراوە لە هاوشانی کردنیان؟ جگە لە هەوڵی چەند دڵسۆزێک وەک تاکرەوی لەو ئاکامەدا بێوچان بوو لە بە ئاکام گەیاندنی دەنگی خنکاویی لای خۆمان بە جیهانی دەرەوەو هێنانی چەند بیرۆکەیەک بۆلای خۆمان. (وەک چۆن بە سەیرکردن لە ئەزموونە دیموکرتییەکانی جیهانیش هەمان راستیمان بەرچاو دەکەوێت) مەلا بەختیار (٦/١٠)

ئێمەش دەڵێین ئەزموونە دیموکراتییەکانی لای خۆمان بەڕاستی روو لە کاملبوونو پێگەیشتنێکی رەهای هەموو ڕێکخراوەکانە بە ئەجێندایەکی بەهێزو مانای سەربەستیی ئیرادەی خۆی پاراستووەو ئیرادەی تایبەتی خۆیان بۆ هیچ قەوارەیەک نییە بۆنو رەنگی خۆی لەنێویاندا رەنگدانەوەی هەبێت، ئەگەر کەسانی کارگێڕیو سکرتێرو بەڕێوەبەریشیان ئەندامی کاراو چالاکی هەر قەوارەیەک بن، ئەوا هەردوو پارتەکە هەموو ڕێکخراوو کۆمەڵەو سەندیکاکان بە مولکو سەروەتی خۆیان دەزاننو مانای ڕێکخراوی سەربەخۆیی لە ئەجێندای دەسەڵاتی ئێمەدا بوونی نابێت.

# گەرمیان چ کێشەیەکی هەیە؟! *



بێستون ژاڵەیی

«گەرمیان چ کێشەیەکی هەیە» پرسیاری بەڕێز بایز تاڵەبانی، وەزیـری دارایـی حکومەتی هەرێم بوو، لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ لە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/١٦دا کە هێشتا زووە بۆ پەسەندکردنی، جەنابی وەزیر بەو پرسیارە پێیوابوو گەرمیان هیچ کێشەیەکی گەورەی خزمەتگوزاریی نییە، ئەم هەموو گەرمیان گەرمیانە هەرایەکی بێمانایەو حکومەتی هەرێم لەو ساڵانەدا دەڤەرەکەی کردووەتە بەهەشتێکی ڕازاوە، جارێ بەڕێز تاڵەبانی دەبێت ئەوە بزانێت کە بەم قسانەو لەمکاتە کاریگەرەدا کە حیزبو حکومەتەکەی پێویستیان بەتەنیادەنگێکیش بۆزیندوومانەوە هەیە، هەڵەیەکی تەعویزنەکراوەی کردووە کە ڕەنگە باجەکەی گران بێتو دوایی نابێت بۆ ئەمەش بەرپرسی لقو مەڵبەندو دەزگا ئیدارییەکانی گەرمیان سەرکۆنە بکرێن.

جەنابی وەزیـــر، مـن نـازانـم تـۆ لە هەڵچوونێکدا ئەو قسانەتکرد یا بەباشی بیرت لە عاقیبەتەکانی کردبووەوە! ئایا ئێوە لە ئاگاییەوە قسەتانکردو داتای وردتان بە پرۆژە گەورە ستراتیژیو ئەنجامدراوەکان لە گەرمیان لەبەردەستدایە، کە گشتی کارگەو هەلی کارو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئـابـووریو ئـاژەڵـداریـیو کشتوکاڵییە، نەخشەی گەرمیانێکی ئاوەدانی سەوزتان لەبەردەستدایە کە ئەو خەڵکە بێویژدانی دەکەن هەر هاوار لە وێرانی گەرمیان دەکەن! دیارە جەنابی وەزیر دەزانێت یاریکردن بە ئیحساسو واقیعی مەملەکەتو خەڵکێکی پەراوێزخراو لە بیابانێکی ڕەقوتەقدا، چەند قـورسو کاریگەرەو سبەینێ ئـەوەی لە تووڕەییو کاردانەوە بەم قسانەدا دەقەومێت، کێ بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت؟!

لەوەوڵاتریش گەرمیان سەرزەمینی مەردایەتیو قوربانیدانو یەکڕوییو وڵاتی ئینسانە سادەو پاکو خاکیو بۆ نیشتمان مـردووەکـانـە، گەرمیان ئـەو پەیژەیەیە بەڕێزتانو سەدانی دیکەی وەک ئێوە بۆ سەرکەوتنە سەر ئەم کورسی دەسەڵاتو سەڵتەنەتە بەسەر جەرگو دڵی شەهیدو ئەنفالەکانیدا ڕۆیشتوون، گەرمیان وڵاتی هــەزاران ئەنفالکراوو لە ئەنفال بەجێماوە کە هەموویان تووشی برژانی دەروونـی هاتوونو لە چاوەڕوانیو تەنیایدا پیردەبنو بەحەسرەتەوە دەمرن!

گەرمیان وڵاتی دەیانجار کاولکراوو سووتێنراوو پـەراوێـزخـراوە، من ئێستا دەترسم هەڵوێستی ڕاستەقینەی هەموو بەرپرسانی باڵای هەرێمو یەکێتیو پارتیو حیزبەکانی دیکەش لە گەرمیان هەر ئەمە بێت، کە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەرمیانییەکان بۆمان دەگرینو دەریایەک فرمێسکمان بۆ دەڕێژن!

لە وەڵام بە جەنابی وەزیری داراییشدا دەبێت عەرز بکەم کە ئێوە ناتوانن بەڵگەیەک بۆ بێکێشەیی یا گەورەکردنەوەی کێشەی گەرمیان بخەنەڕوو، بەڵام من بە هەزار بەڵگە دەیسەلمێنم گەرمیان کاولەو پێویستی بە ملیارەها دۆلارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی، کە دەکرێت هەر لە داهاتی نەوتەکەی خۆی بۆی خەرج بکەن.

کێشەی گەرمیان کێشەی هەزاران گوندی وێرانە،کەخەڵکەکەی بەئیرادەی گەرمیانیانەی خۆیان دوای ڕاپەڕین ئاوەدانیانکردەوە، بەڵام دوایی بەهۆی بێپلانیو لێنەپرسینەوەو کەمتەرخەمیی دەسـەڵاتـی کوردییەوە، بوونەوە بە وێرانەو ئێستا لەجیاتی ژیانو ئاوەدانیو بەرهەمهێنانی ئاژەڵیو کشتوکاڵی، ئـەو گوندانە بۆنی مەرگیان لێدێتو کوندەپەپووی چۆڵەوانی تێیاندا دەخوێنێتو چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەبەر بێئاویی پێنج گەرمیانی لە بیری گوندێکدا خنکانو چەندی دیکەش لە لێواری مەرگ گەڕانەوە!

گەرمیان کە بەو هەموو دەشتە فراوانو بەپیتەی دەتوانرێت بەشی دەیـان ملیۆن کەس دانەوێڵەو سەوزەو میوەی تێدا بەرهەم بهێنرێت، بەڵام بەم هاوینە یەک تەماتەی بەرهەمی گەرمیان لە بازاڕەکانیدا نییە!

جەنابی وەزیر کێشەی گەرمیان ئەوەیە ئەم حکومەتە بە حساب ئیدارەیەکی هاوشێوەی پارێزگای بۆ دروستکردووە، بەڵام دەرگا نەماوە حیزبەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەڤەرەکەو سەرپەرشتیارەکەی لێینەدەن، کەچی نە بودجەی دەدەنـیو نە دەسەڵاتو نە ئامادەش بوون بە وشەیەکیش لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ناوی ببەن، ئیتر ئیدارەکەتان بۆ دروستکردووە، مەگەر خۆتان بزانن!

**کەلار بە حساب مەڵبەندی ئیدارەی گەرمیانو بوژاوەترین شوێنی ئیدارەکەیە، بەڵام تائێستا (١١) گەڕەکی ئاوڕۆی نییە، (٢٦٠٠) ماڵی ئەم ناوەندی پارێزگایە! لە (٥) گەڕەکی زیادەڕۆدا دەژین، کە ناوی شەرماوی وەک گەڕەکی بۆقو مێشولەو مانگای هەیە! کـەلارو دوو ناحیەکەی (٢٢٦٠٠٠) کەسی تێدا دەژی کە بەشی ئەم قەزایە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کەمتر لە (٥) ملیار دینارە.**

**کێشەی گەرمیان ئـەوەیـە کە لە دوو کۆلێژی دەبەشیدا نزیکەی (٦٠٠٠) خوێندکاری زانکۆ دەخوێننو هەرچی پێویستی کردنەوەی زانکۆیەکە تێیدایەو لە هەموو زانکۆکانی دەوروبـەریـەوە (١٥٠) کیلۆمەتر زیاتر دوورە، ئەوەندەی دانیشتووانی زۆربەی قەزاکانی کوردستان هەر خوێندکاری دواقۆناغەکانی ئامادەیی تێدایە، بەڵام حکومەت سەرەڕای هەموو بەڵێنەکانی هـەر ڕۆژێــک منەتێک لەمبارەیەوە بەسەر گەرمیانییەکاندا دەکـاتو هـەرجـارەی بیانوویەک بۆ نەکردنەوە یا دواخستنی کردنەوەی ئەم زانکۆیە دەهێنێتەوە، وەک پەندەڕوسییەکە دڵێت هەرچی نەتویست بیکەیت لیژنەی بۆ پێکبهێنە، لێرەش لیژنە لەسەر لیژنە بۆ کردنەوەی ئەم زانکۆیە دروستدەکرێت!**

**کێشەی گەرمیان ئەوەیە کە ئەو شارێگایەی گەرمیان بە سلێمانییەوە دەبەستێتەوە پەنجا ساڵە بە یەکسایدی دروستکراوە، بەپێی ئامارەکانی هاتوچۆش لە هەر ڕۆژێکی (٥) ساڵی ڕابردوودا زیاد لە گەرمیانییەک بەهۆی کۆنیو خراپیو یەکسایدی ئەم ڕێگایەوە بووەتە قوربانییو حکومەت ئێستاش هەر بە بەڵێن بە دووسایدکردنی دەدات.**

**کفری پەکێک لەو شارانەی گەرمیانە کە (٨٠) ساڵە قەزایەو بە شاری وەزیرەکان دەناسرێت، بەڵام تائێستاش شارێکی یاریی بۆ منداڵە مەحرومەکانی گەرمیان تێدا نییە، خەڵکەکەی لە کەمیی بودجەو کەمییو خراپیی خزمەتگوزارییەکان هاواریانە!**

**ئەی ئەمانە کێشە نین جەنابی وەزیر، یا کێشەی گەرمیان ئەو تێگەیشتنەیە کە بەشایانی ئاوەدانکردنەوەی نازانێت یا کێشەی گەرمیان ئەو عەقڵەیە کە تەنیا سلێمانیو هەولێرو دهۆک بە شارو شوێنی ژیانو شایانی ئاوەدانکردنەوە دەبینێتو خەڵکی گەرمیان بە هاوڵاتی پلە دوو و سێ دادەنێت.**

* خاتوو ستارە عـارف یەکێک لە ڕیپۆرتەرەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بۆ قسەکردن لەسەر قسەکانی بایز تاڵەبانی، وەزیـری دارایـی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان دەربارەی گەرمیان پەیوەندی پێوەکردم، من لەو قسەکردنەدا زۆرم تکا لەو خانمە کرد قسەکانم وەک خۆی بگوێزێتەوە، بەڵام دیارە ئەو لەبەرئەوەی خەڵکی دیکەشی لە ڕاپۆرتەکەیدا بەشداریی پێکردووە، بۆیە لە بڵاوکردنەوەیدا قسەکانی منی ئەوەندە ترنجاندووەتەیەک کە خۆشم بـاش لێی تێنەگەیشتم، زیـاد لـەوەش هەندێک داتاو زانیاریی ناو قسەکانی منی کە خۆم مەیدانیانە کۆمکردوونەتەوە، بێ هیچ ئاماژەیەک کردووەتە باکگراوند بۆ ڕاپۆرتەکەی، بۆیە منیش بۆ خاتری گەرمیانە مـەزلـومو هەڵقرچاوەکەم، بڵاوکردنەوەی ئەو بیروڕایانەی خۆمم بە پێویستزانی.

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٥١ – R1

پرۆژە: دروستکردنی نەفەقو لوپی ڕۆشتنی هەمیشە کراوە لە شەقامی مەلیک مەحمود بۆ شەقامی مامۆستایان (دووبارە).

*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پرۆژەی هاوشێوەی ئەم پرۆژەیەی جێبەجێ کردبێت وە (CV)ی خۆی پێشکەش بکات.

٢- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٣- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانییەوە).

٤- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٥- بری تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بری (٤٠٠٠٠٠٠) چل ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٧- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٨- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٩- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

١٠- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١١- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١٢- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە/ ١٨٤/ج/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٢١
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
**اقليم الكوردستان/ العراق**
**مجلس القضاء**
**رئاسة محكمة استئناف منطقة السليمانية**
**محكمه جنح حلبجه**

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (مهدی محمد صالح)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بەپێی ئیشعاری ئەنجومەنی هەڵبژێراوی (شاری هەڵەبجە) بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لە سەرت لە بەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٥ بە مەبەستی دادگاییکردنت بەپێی مادەی (١/٤٥٦) لە یاسای (سزادان) بەپێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیتو خۆت بەرپرسیار ئەبیت بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادوەر
قادر محمد نوری

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە/ ١٠٤/ج/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٣١
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
**اقليم الكوردستان/ العراق**
**مجلس القضاء**
**رئاسة محكمة استئناف منطقة السليمانية**
**محكمة جنح حلبچة**

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (اُسامه قيس نوری)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بەپێی ئیشعاری ئەنجومەنی هەڵبژێراوی (هەڵەبجەی شەهید) بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لە سەرت لە بەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ بە مەبەستی دادگاییکردنت بەپێی مادەی (٣) لە یاسای (ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئاوی پەیوەندی) بەپێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیتو خۆت بەرپرسیار ئەبیت بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادوەر
قادر محمد نوری

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە/ ٢٠٠/ج/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٢٧
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
**اقليم الكوردستان/ العراق**
**مجلس القضاء**
**رئاسة محكمة استئناف منطقة السليمانية**
**محكمة جنح حلبچة**

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (هاوکار انور جوهر)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بەپێی ئیشعاری ئەنجومەنی هەڵبژێراوی (بەکرەجۆ) بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لە سەرت لە بەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ بە مەبەستی دادگاییکردنت بەپێی مادەی (٢) لە یاسای (خراپ بەکارهێنانی مۆبایل) بەپێچەوانەوە بە پاشملەیی دادگایی دەکرێیتو خۆت بەرپرسیار ئەبیت بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٤٣/ج) لە یاسای بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادوەر
قادر محمد نوری

# تۆ بڵێی ئەوانە کوڕو کچی شەهیدبن؟

ئاری سابیر



خزمەتکردنو دابینکردنی شوێنی نیشتە جێبوونو گرنگیدان بە کەسوکاری شەهیدان، ئەرکی سەرشانی هەموو حیزبو حکومەتێکە بەبێ جیاوازیی پلەوپایەو عەشیرەتو بنەماڵە لەکاتی دەسەڵاتدا، تا کەمێک سارێژی ئەو برینە سەختەیان بکرێتەوە، ئەوەی لەماوەی هەژدە ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستاندا بۆ کەسوکاری شەهیدان کراوە، لەسەر بنەمای خزمو بنەماڵەو پلەوپایە بووە، وەک دەبینین ئەوانەی هاوسەرو کوڕو کچی شەهیدی سەرکردەکانن، بە دەیان ملیۆن دینار ڤێلای مۆدێرنیان لە خۆشترین جێگای شاردا بۆ دروستدەکرێت، هاوسەرو کوڕو کچی شەهیدە هەژارەکانیش تائێستا زۆربەیان لە خانووی کرێدا ژیان بەسەردەبەن، کاتێکیش پۆستێک دەدرێت بە هاوسەرو کوڕو کچی شەهیدان، دەبینین هەموو هاوسەرو کچو کوڕی شەهیدە سەرکردەکان هیچ یەکێک لەوانە خانەوادەی شەهیدە هەژارەکان نین، تەنانەت لەناو ئەو کاندیدانەی ئەمجارەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستاندا، چەندین هاوسەرو کوڕو کچی شەهیدە سەرکردەکانی تێدایە، ئەوانەشی لەماوەی ڕابردوودا لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پۆستی باڵایان وەرگرتووەو کراون بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، هەموویان لە خانەوادەی شەهیدە سەرکردەکان بوون، مامەڵەی دەسەڵات وایکردووە خانەوادەی شەهیدە هەژارو بێ پلەوپایەکان بە هاوڵاتی پلە دوو دابنرێن، دەبێت جیاوازیی نێوان هاوسەرو کوڕو کچو خانەوادەی شەهیدێکی بێ پلەو خانەوادەی شەهیدێکی سەرکردە چی بێت؟ تۆ بڵێی ئەو هەموو هاوسەرو کوڕو کچی شەهیدانی بێ پلە چەند کەسێکی زیرەکو بەتوانایان تێدانەبێت، تا پۆستێکی باڵایان پێبدەن، یاخود بیانکەن بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، یاخود دەبێت گوناهی ئەو هەموو کوڕو کچە شەهیدە چی بێت کە باوکان لەبەر دڵسۆزیان بۆ نیشتمانەکەیان، هەر زوو بوونەتە قوربانیو نەیانتوانیوە هیچ بگەنە سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی، ئەو جیاوازییەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا بەرامبەر بە کەسوکاری شەهیدان کردوویانە، گومانی لەلای خانەوادەو خەڵکی کوردستان دروستکردووە کە ئایا بەڕاستی ئەوانیش کەسوکاری شەهیدن!

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ڕیکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# گۆڕان دەبێت ببێت، هەڵبژاردن هەبێت یا نەبێت!

میران محەمەد

**ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە مافێکی کەسی، ئەرکێکی نەتەوایەتییەو هێنانەدی خەونی جەماوەری تینوی گۆڕانو چاکسازییە**

ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور، ئاش لە خەیاڵێکو ئاشەوان لە خەیاڵێکە!

زۆربـەی ئەوانەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دەستیان لە پۆستێکی دەسەڵات گیربووە یان لە دەوری خاوەن پۆستێک گیرساونەتەوە، نانیان کەوتووەتە رۆنەوەو دەستەو دوعا روو لە ئاسمانن، کە هەرچۆن بووەبارەکەیان لەنگ نەبێتو هەواکە بەردەوام فوو لە شەنەکەی ئەوان بکات! رەعیەتیش چۆن ژیان دەگوزەرێنن‌و داهاتوویان روو لەکوێ دەکات، قیر بە قەرەس!

لـەولاشـەوە، لە دەرەوەی دەسـەڵات، رۆڵەی لەخۆنەگۆڕاوی پاکو بە ئەمەکو دڵسۆزوانی گەلو نیشتمان شانبەشانی جەماوەری رەشوڕوتی بەشخوراو، بێ وچان لە هەوڵی بەرپاکردنی شۆڕشێکی مەدەنی ئاشتیانەی گۆڕانو چاکسازیدان، بۆ راستکردنەوەی بارەکەو پاراستنو گەشەپێدانی ئەزموونەکە، بە ئومێدی بنبڕکردنی گەندەڵیو بەدەستهێنانەوەی مافی مافخوراوانو گەڕانەوەی دەسەڵاتەکان لە تاکو خێزانو حیزبەکانەوە بۆ گەل.

هـەرچـەنـد بـەرەی دەسـەڵات لە لێدوانەکانیاندا وای دەردەبڕن کە لەسەر بوونو کرۆکی کێشەکان هاوڕاو هاوبیرن لەگەڵ بەرەی دەرەوەی دەسەڵات، کەچی رۆژ لەدوای رۆژ خوێندنەوەو تێڕوانینو هەڵسەنگاندیان بۆ دەستنیشانکردنی بکەرو هۆکارەکانو میکانیزمی بـەدواچـوونو چارەسەرکردنیان، زیاتر لەیەکیان دوور دەخاتەوەو نێوانیان ناخۆشترو چیکەڵدانەیان بچووکتر دەکاتەوە!

* لەکاتێکدا هەردوولا لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو نیمچە ئازادییو سەربەخۆییەی لە سێیەکی خاکی کوردستانی باشووردا بـەرقـەرارە هـەڵو دەستکەوتێکی مەزنە، پاراستنو پەرەپێدانو بەرفراوانکردنی بەرگرییە لە بـوونو ئاسایشی نەتەوەیی کورد، شێواندنو لەدەستدانیشی بە خیانەت لـەقـەڵـەمـدەدەن، کەچی ناکۆکن لەسەر دابەشکردنی رۆڵو چۆنێتیو میکانیزمی راپەڕاندنی ئەرکو سوودوەرگرتنی باشتر لە ئەزموونەکە!

**با لە هەڵبژاردنەکاندا مەردانە بە گوێی دەسەڵاتداراندا بچریکێنن‌و هاواربکەن، (فیلەکانتان خاوەن شکۆکان ١٨ ساڵە مێژوومان لێ دەشێوێنن، ژیانمان لێ تاڵ دەکەن‌و داهاتوومان لێ تەماوی دەکەن**

*لەکاتێکدا هەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم دەسەڵاتەی کوردی باشوور، بەرهەمی رەنـجو خەباتی درێژخایەن‌و رووبـاری خوێن‌و فرمێسکی جەماوەرە، کەچی ناکۆکن لە لێکدانەوەکانیاندا لەمەڕ پشکی رەنجو دڵسۆزییان لە بەدیهێنان‌و پێکهاتەو شێوەی بەڕێوەبردن‌و سوودمەنبوون لەو دەسەڵاتە!

* خالی لەمجۆرە گەلێک زۆرن، وەلێ ئەوەی جێی سەرنجو تێڕامانە، کۆکبوونی هـەردوو بەرەیە لەسەر بوونی هەڵەو دزێویو نادادپەروەریی لە گشت بوارەکاندا، لـوشـدانو بەفیڕۆدانی سامانی گشتی تەماوی بڕی داهاتەکان‌و تاریکی تونێلەکانی بـەهـەدەردانـیـان‌و قـۆرغـکـردن‌و خـراپ بەکارهێنانی دەسـەڵاتو گەلێک ناتەواوی دیکە، بـەرەی نـاو دەسـەڵات خۆشیان زارەکی نکۆڵیان لێ ناکەن‌و بە کەموکوڕیی ناویاندەبەن! هەرچی بـەرەی دەرەوەی دەسەڵاتیشە بە گەندەڵی ناویاندەبەن‌و ئۆباڵەکانی دەخەنە ئەستۆی بەرەی دەسەڵات، هەردوو بەرە کۆکن لەسەر پێویستی گۆڕان‌و گرنگی چاکسازیی! کەچی ناکۆکن لەسەر دەرخستنی گەندەڵان‌و گەندەڵییەکان، کاتو رێوشوێنی بنبڕکردنیان‌و جۆرو شێوەی سزاکان، لەپێناو بەرپاکردنی چاکسازییو گۆڕانکارییەکی راستەقینەدا!

گۆڕانکاری ریشەیی بووەتە کارێکی حەتمیو هەر دەبێت روودبات هەڵبژاردن هەبێت یا نە بێت، بۆیە هـەردوو بەرەو سەرجەم هاوڵاتییانیش، تاکە هیوایان هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەیە کە ئاوێک بکات بەم ئاگرەداو مەسەلەکان یەکلابکاتەوە. هەرچەندە ئەم هەڵوێستە ئەڵتەرناتیڤێکی بە رواڵـەت شارستانیو دیموکراسییە، وەلێ بە رای من ئەمە ( أظعف الايمان)ەو کەمتەرخەمی سەرکردەکانە (جا لەبەر هەر هۆیەک بووبێت) لە دۆزینەوەی چارەسەری پێش سات بۆ کێشەکان‌و بەنیاز نەبوون، یان خۆدزینەوەیانە لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ گەلو ئامادەنەبوونیانە بۆ دەستبەردان لە قۆرغکردنی دەسـەڵاتو چۆڵکردنی کورسییەکان‌و رێگرتنە لە دامەزراندن‌و پێکەوەنانی کیانێکی فرەلایەنی دەستووری!

### داینەمۆی گۆڕان:

ئـەوە خەباتی نەبڕاوە، خۆنەویستی، دڵسۆزی، دادپـەروەری، ئەمانەتو ژیریو دانایی سەرکردەو رابەرانی مەزنی گەلانی زیندوو، بڕواو متمانەی جەماوەرە پێیان، کە دەبنە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی گۆڕان‌و چاکسازیی رێخۆشکەر بۆ بەدەستهێنانی دادوەری، ئازادیی، سەربەخۆییو گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ گەل، نەک خودی هەڵبژاردن. هەڵبژاردن چراکەی عەلادین نییە هەر چۆن بەئەنجام بگەیەنرێت دەمودەست خەون‌و ئاواتی خاوەنەکەی بهێنێتەدی، هەڵبژاردنی راستەقینە بەرهەمی ئـەو چاکسازییو گۆڕانکارییە ئەکتیڤانەیە کە رابەرانی جێی متمانەی گەلانی زیندوو بەدەستیان هێناوە لەپێناو هۆشیارکردنەوەو یەکخستنی ریزو ئاراستەی خەباتی رۆڵەکانی گەلەکەیان بەرەو رزگاربوون لە کۆیلەیی، هەڵمژینی هەوای ئازادییو سەربەستی، ئاشناکردنیان بە سیستمی فەرمانڕەوایی گەل بۆ گەل، ئامادەکردنیان لە هەموو روویەکەوە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە تاکو گروپو حیزبە دینیو دونیاییەکانیان، پەیڕەوکردنی سیستمێکی حوکمڕانی دادپـــەروەری دیموکراسی، کە لە سایەیدا هەمووان لە مافو ئەرکەکاندا یەکسان بن‌و گشت تاکێکی ئاسایی مافو شانسی گەیشتن بە گشت پۆستەکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەی هەبێت، گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی بۆ گەل کە داوای سەرەکی بـەرەی دەرەوەی دەسـەڵاتو سەرجەم جەماوەری کوردستانی باشوورەو لە چەند لیستێکدا خۆیان کۆکردووەتەوە کە دیارترینیان لیستی (گـۆڕان)ە، لەڕێی جیاکردنەوەو رێزلێنان‌و سەپاندنی سەرداری تەواوی دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و راپەڕاندن‌و دادوەری بەسەر گشت تـاکو گـروپو حیزبەکاندا دێتە دی نەک بەپێچەوانەوە، تاکە گەرەنتیش بۆ گەڕانەوەی راستەقینەی فەرمانڕەوایی بۆ گەل، بوونی دەستوورێکی مۆدێرنی شایستەیە کە مەرجە هاوڵاتییان بە ئازادییو بە زۆرینەی دەنگەکانیان پەسەندی بکەن‌و گشت تاکو حیزبو لایەنەکان بێ جیاوازیو ١٠٠٪ ملکەچو پابەندی بەند بە بەندو برگە بە برگەی بن.

### جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین:

* کامانەن ئـەو کـارو چاکسازییو گۆڕانکاریانەی سـەرکـردەو رابـەرانـی کـوردی باشوور لـەمـاوەی (١٨) ساڵی تەمەنی دەسـەڵاتـیـانـدا کـردوویـانـە بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکیو گەڕانەوەی ئارامی دەرونیان‌و دڵنیاکردنەوەیان لە داهاتووی خۆیان‌و نەوەکانیان؟ کامانەن هەوڵەکانیان بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەرییو شانازی پێیانەوە، چاندنی خۆشەویستیو یەکخستنەوەی ریزو ئاراستەی خەباتی رۆڵەکانی گەلەکەیان بـەرەو ئامادەکردنیان بۆ قبوڵکردنی یەکترو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتو ئاشناکردنیان بە پرۆسەی هەڵبژاردنی راستەقینەو سوودوەرگرتن لە مافی دەنگدان؟ بەپێچەوانەوە ئەو هەستی نەتەوایەتیو گیانی لێبووردن‌و فیداکارییو یەکڕیزییە خۆڕسکە پڕ سۆزە دەرونییەی کە راپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ لە ناخی نەک تەنیا کوردی باشووری کوردستاندا، بەڵکو لە ناخی هەموو کوردێکدا هەژاندو زیندووی کردەوەو بەرەو گەشانەوەی گوڵەکانی ئـازادیـیو سەر فرازییو دەوڵەتی سەربەخۆ ئاراستەی دەکردن، وەلێ بەداخەوە زیندە بەچاڵکران‌و لە بری پاراستن‌و بەهێزکردنیان (نەک تەنیا لەناو هاوڵاتییانی ئاساییدا، بەڵکو لەناو ئەندامو سەرکردەی حیزبەکانی خۆشیاندا) رق، کینە، گیانی تۆڵە، هەزار بەرەکی، حیزب حیزبێنە، خزمخزمێنە، تەکەتول، خۆپەرستی، هەڵپەی خۆدەوڵەمەندکردنیان لە جێگایاندا رواند! هەڵەو سەرپێچیو خراپەکارییەکان ئەوەندە دیارو گەورەن، سەرانی دەسەڵات چیدی توانای پۆشینیان نـەمـاوە، بۆیە وا خۆشیان کەوتوونەتە باسکردنیان لە میدیاکانیاندا! بێدادییو نـارەوایـیو گەندەڵییەکان، رەوشەکەیان بەشێوەیەک قێزەوەن کـردووەو سیمای دەسەڵاتیان بە رادەیەک ناشیرینکردووە، کە جەماوەر ئومێدو متمانەی پێیان نەماوە.

* ئایا سەرکردەی حیزبە باڵادەستەکانی ئەمڕۆی کورد، ئامادەن یان هەر بە بیریشیاندا گوزەردەکات، رۆژێک لە رۆژان بە ئاشتیانە ئەمانەتی فەرمانڕەوایی بدەنەوە دەست گەلەکەیان؟

پێدەچێت وەڵام هەر نەخێر بێت! دەنا ئەوانێک کە ئامادەنەبن جێگاکانیان بۆ هەڤاڵو هاوسەنگەرانی خۆیان چۆڵ بکەن یان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن، ئیدی چۆن چاوەڕیی ئەوەیان لێدەکرێت وا بەئاسانی فەرمانڕەوایی بدەنەوە دەست گەلەکەیان‌و کلیلی (بـڤـەی) گەنجینەی سەروەتو سامانی وڵاتەکەیان (کە تائێستا خەرمانەکەی بۆ خۆیان‌و سەرکۆزەرەکەشی بۆ خەڵکی بووە)، بخەنەوە چنگی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی پاکو شەفافی جێی متمانەی خەڵکی! ئەگەر بەڕێزانیان بەرژەوەندی گەلو نیشتمان‌و سەروەریو سەربەرزی خۆیانیان دەوێت، با چاو لە پێشەواو رابەرانی گەلانی زیندوو بکەن، مەزنان (ئەبراهام لینکۆلن، غاندیو ماندێلا) ئەو پێشەواو سەروەرانەی کە لە بەرامبەر خەباتی سەختو پڕ ئازارو ئەشکەنجەیاندا پاش گەیاندنی گەلەکانیان بە ئاواتەکانیان، مافی ئەوەیان نەدا بەخۆیان‌و حیزبو خێزان‌و دارو دەستەکانیان، خۆیان لەسەر سامانی گشتی گەلەکەیان دەوڵەمەند بکەن‌و ببنە خاوەن دەسەڵاتی رەهای هەتا هەتایی لە وڵاتەکەیاندا!

ئەم قۆناغەی کە ئێستا گەلەکەمانی پێیدا تێپەڕدەبێت لە ئەندازە بەدەر ناسکو هەستیارە، پێویستی بە سەرکردەی ژیرو دانای پاکو دڵسۆزو خۆنەویستو لێهاتووی دادپەروەرە، بۆ دەربازکردنی گەلو نیشتمان لەم ئەزموون‌و گێژاوە تاڵەو تۆمارکردنی مێژوویەکی پڕ لە سـەروەری بۆ خۆیان‌و گەلەکەیان، ئەو سەرکردانە کێن‌و کێ دەبن؟ هیوادارم دەنگدەران بە بەگەڕخستنی عەقڵو ویژدان نەک سۆز، دەستنیشانیان بکەن‌و بەم نزیکانە پێیان شادببین‌و شانازییان پێوەبکەین‌و بە زووترین کات جێ پەنجەکانیان لە گۆڕان‌و چاکسازییو بەدیهێنانی بەڵێن‌و جێبەجێکردنی بەرنامەکانیاندا ببینین، بە ئومێدی ئـەوەی کارێک نەکەن جارێکی دیکە خۆزگە بە کفندزەکانی پێشوومان بخوازینەوە.

با وەک پێویست هەڵبژاردنەکان بکرێنە میکانیزمێکی دادپەوەرانەی راستەقینە، تا هاوڵاتییان لەڕێی دەنگە ئازادەکانیانەوە، دوور لە هەر جۆرە فشارێک، شەرعیەت بدەن بە دەسەڵاتێکی جێی متمانەیان، نەک حیلە شەرعییەک بێتو بە نارەوا رووکەشێکی شەرعیی بداتە دەسەڵاتێکی ناپەسەندی ناشەرعیی!

ئەو نەفەسەی کە دەزگـا راگەیاندنە کوردییەکان ئەمڕۆ پڕوپاگەندەیان بۆ هەڵبژاردنەکان پێدەکەن، ئەگەر مەبەستو بـۆچـوون‌و رەوتـی خـودی سـەرکـردەو حیزبەکان خۆیان بن، ئـەوا جێی ترسو نائومێدییەکی گەورەیە!

### بۆ دەرخستنی راستیو پاکی نییەتەکان:

* با هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردنەکان لەلایەن گشت تاکو حیزبو لایەنەکانەوە، رەنگدانەوەی ئاستی مۆراڵ، دڵسۆزی، بەتەنگەوەهاتن، شارستانیەت، دیموکراسی، پشکەوتن‌و ئاشتیخوازیان بێت.

*با هەمووان بە لێنی بێ پاشگەزبوونەوە بە هاوڵاتییان بـدەن، کە بێ غەڵو غەش هەڵبژاردنەکان بەڕێوەدەبەن‌و بە گیانێکی دۆستانەو برایانەوە ئەنجامی هەڵبژادنەکان پەسەند دەکەن، بە ئاشتیانە کورسیەکانیان پێشکەش بە نوێنەرانی نوێی گەلەکەیان دەکەن.

*با لە هەڵبژاردنەکاندا چەشنی کۆیلەکانی درامای (فیلەکەی خاوەن شکۆ) لە ترساو لە برسا، ئەژنۆکان نەشکێن‌و زمانەکان لاڵ نەبن، با مەردانە بە گوێی دەسەڵاتداراندا بچریکێنن‌و هاواربکەن، (فیلەکانتان خاوەن شکۆکان ١٨ ساڵە مێژوومان لێ دەشێوێنن، ژیانمان لێ تاڵ دەکـەن‌و داهاتوومان لێ تەماوی دەکەن).

هەرچەندە هـاوڵاتـی سەربەستە لە سوودوەرگرتن لە مافی کەسی خۆی بۆ هەڵبژادن‌و ناحەقیان نییە ئەگەر تورەبن‌و ئامادەی دەنگدان نەبن لە هەڵبژاردنەکاندا، (لەکاتێکدا دەبا لە یەزدان بپاڕێنەوە کە هەموو رۆژێکیان هەر هەڵبژاردن بێت! چونکە کاتی هەڵبژاردنەکان بەرەکەت دەبارێت، لە هەموو کونجو قوژبنێکی هەرێمدا دەبێتە ئاهەنگو کۆڕی جەماوەرییو خەڵات بەخشینەوە، سەرکردەکان جەماوەریان بیردەکەوێتەوە، ماڵە شەهیدو کەسوکارو دەربازبووانی ئەنفالو کیمیابارانەکان بەسەردەکرێنەوەو خانوویان لەسەر کاغەز بۆ دروستدەکرێت، میلاک بۆ دامەزراندنی دەرچووان‌و بێکاران لە ئاسمانەوە دێتەخوارەوە، پارە دەبارێت بۆ دابەشکردنی مووچە دواخراوەکان، بەردی بناغەی سەدان پرۆژەی مەزن دادەنرێت، دەیـان سەنتەرو فێرگەو کۆلێژی نوێ دەکرێتەوە، کوڕە هەر مەپرسن!)، وەلێ بە بۆچوونی من ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر لە مافێکی کەسی، ئەرکێکی نەتەوایەتییەو هێنانەدی خەونی جەماوەری تینوی گۆڕان‌و چاکسازییە.

بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، هاوڵاتییان لە هـەردوو سـەرەوە سوود بەگەلەکەیان دەگەیەنن:

١- ئەگەر هەڵبژاردنەکان بە پاکیو بێ غـەڵو غەش بـەڕێـوەچـوون، ئـەوا بە بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە هەڵبژاردنەکاندا، شانسێکی بەهێزتر دێتە ئاراوە بۆ گەیاندنی نوێنەرانی جێی متمانەو پەسەندکراوی خۆیان بە کورسییەکانی دەسـەڵات، نوێنەرانێک کە گەیشتن بە کورسی دەسـەڵات وەک ئەرکێکی گرانی نەتەوایەتی سەیردەکەن‌و وزەو تواناکانی خۆیان بۆ هێنانەدی بەڵێن‌و جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان تەرخاندەکەن، نایانکەن بە پردو ئامراز بۆ قۆرغکردنی دەسـەڵاتو گەیشتن بە مەرامە کەسیو حیزبییەکانیان!

٢- خـۆ ئـەگـەر خـوانـەخـواسـتـە هەڵبژاردنەکان بەپێچەوانەوە بـوون‌و بە گزیو فزی بەڕێوەچوون، ئیتر دەسەکان لای هەمووان

ئاشکرادەبن‌و رەش لە سپی لێکجیا دەکرێنەوە، ئەوساش عەرەب وتەنی (لكل حادث حديث) دەبێت.

**کاتی هەڵبژاردنەکان بەرەکەت دەبارێت، لە هەموو کونجو قوژبنێکی هەرێمدا دەبێتە ئاهەنگو کۆڕی جەماوەرییو خەڵات بەخشینەوە، سەرکردەکان جەماوەریان بیردەکەوێتەوە، ماڵە شەهیدو کەسوکارو دەربازبوانی ئەنفالو کیمیابارانەکان بەسەردەکرێنەوەو خانوویان لەسەر کاغەز بۆ دروستدەکرێت، میلاک بۆ دامەزرانی دەرچووان‌و بێکاران لە ئاسمانەوە دێتەخوارەوە، پارە دەبارێت بۆ دابەشکردنی مووچە دواخراوەکان، بەردی بناغەی سەدان پرۆژەی مەزن دادەنرێت، دەیان سەنتەرو فێرگەو کۆلێژی نوێ دەکرێتەوە**

گوندی ئەڵمانی

# بۆچی شوقەو ڤێلای گوندی ئەڵمانی دووهەڵدەبژێریت؟؟؟؟









*چونکە دەکەوێتە کەشخەترین جێگای سلێمانییەوە.
*بەرزترین و پاکترین ژینگە لە ناو( 200,000م) دووسەد هەزار مەتر سەوزایی.
*نوێترین نەخشەی بیناسازی لەجیهاندا.
*دوو دیواری هەیە لە خشت و هەروەها دیواری عەزلی سیسمۆ (کە سیستەمێکی ئەوروپییە) دروست دەکرێت.
*کاشیەکانی جۆری گرانیتی ئیسپانیە و کە گرانترین کاشیە لە ئێستادا.
*ڕوکاری دەرەوەی ڤێلاکە بە مەرمەڕ رووپۆش دەکرێت.
*سێتی حەمام و تەوالێتی (Vetra) یە.
*شۆفاژ لە ناو ماڵەکاندا دابین دەکرێت.
*سەقفی مەغریبی بەنەخشی جوان دروست دەکرێت بۆ ناو ڤیلاکان.
*دەرگای تایبەت لە دەرەوەی وڵات دێت کە نرخی یەک دەرگا 350"سێ سەد و پەنجا دۆلار"ە
*مەلەوانگە بە سیستەمی (Filtaration) ە و کە پێویست ناکات ئاوی بگۆڕێت و بە شەش مانگ جارێک ئاوەکەی دەگۆڕێت وە هەروەها ئاوەکەش گەرم دەکرێت لە زستاندا.
* پەنجەرەی (PVC) تایبەت و شوشەی دەبل گلاس.
*لە ماوەیەکی پێوانەییدا تەواو دەبێت و پێویست ناکات ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ ی تەواو بوون بکەیت.
* پرۆژەکە هەموو خزمەتگوزارییەکانی وەك وێستگەی ئاو و کارەبا ، هەروەها شەقام و شۆستە و باخ و
بۆ یەکەم جار لە پرۆژەی وەبەرهێناندا قوتابخانە و دایەنگە و باخچەی ساوایانی دروست کراوە بە شێوازی نموونەیی دەوامی تێدا دەکرێت .
*نرخی شوقەکانی زۆر گونجاوە و بە خزمەتگوزارییەوە ڕووبەرەکەی دەگاتە (155مەتر) و نرخەکەی تەنها 80000هەشتا هەزار دۆلار"ە .
*کۆمپانیا 40000"چل هەزار دۆلار "دەکات بە قیستی (پێنج ساڵ) بێ ئەوەی هیچ سودێکی بخرێتە سەر .
40000* "چل هەزار دۆلار"ەکەی تریش بە یەك ساڵ دەیدەیت و پێشەکی تەنها (20000)"بیست هەزار دۆلارە
*ئەبیرتان ئەچێ ئەم پرۆژەیە لە تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەکەو بەرامبەر گەرمێنی توی مەلیك و لە کەشخەترین و جوانترین جێگای سلێمانیە .

## پرۆژەی ئاشتی بۆ نیشتە جێبوون

مشروع مدينة أشتي الأسكاني

ناونیشانێکی تازە بۆ جوانترین شاری کوردستان

کۆمپانیای جێبەجێکار
گرووپی کۆمپانیاکانی گەلالە ،کە بە سەرپەرشتی دەستەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت و سندوقی ئیسکان دەیگرێتەوە .

هە لێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی خانوویە ک کە ڕووبەری زەوییەکەی

(250) مەتر دوجایە لە جوانترین جێگای شاری هەولێر

لەسەر ڕێگای نێوان کەسنەزان وبنەسلاوە .

ببە خاوەن خانوویە ک بە قیستی مانگانەی گونجاو.

نرخی خانوو بە 50000 $ :
* پیدانی پێشەکی 10% لە کاتی تۆمارکردن .
* قیستی 410 دولار ، بەشێوەی مانگانە .
* قەرزی 50% لە نرخی خانوو لە سندوقی نیشتەجێبوون ، بەبێ سوودی سندوقی نیشتەجێبوون .
* قیستی 10% لە کاتی وەرگرتنی خانوو .

سعر البيت 50000 $ :
* دفعة مقدمة 10% عند التسجيل .
* أقساط 410 دولار شهرياً .
* قرض 50% من قيمة الدار بدون فوائد من صندوق الأسكان.
* دفعة 10% عند أستلام الدار .



پرۆژەی بیناکردنی شارێکی تەواو لەگەڵ گشت خزمەتگوزاریە ژێر خانەکان :
شەقامی سەرەکی ونا سورەکی / تۆڕی ئاوی خواردنەوە /تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا / تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوی باران
بنکەی بازرگانی و بازارگا / قوتابخانە /بنکە تەندروستی / یاریگای وەرزشی / باخچە

ناونیشانی نووسینگەی بە بازارکردن :
شەقامی (100) مەتری /باڵە خانەی پێشانگای گەلالە ، بەرامبەر وەزارەتی مافی مرۆڤ .
کۆرک : 0750 7225858
ئاسیا : 0770 9185858

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩